ژمارەی 4 **هانا** نوامبەری ١٩٩٦

## ناوەروک

١_ سه رووتار \ ده سته ی نووسه ران ..................... ٢
٢_ کفر، تاوان یا حه ق \ سینا پدرام ..................... ٣
٣_ مندال و زمان \ شه هلا ..................... ٧
٤_ له چاوه روانی گورانی یه کی تر دا \ ئاسو ..................... ١٠
٥_ سه رنجیک له سه ر «هه لپه رکیی سوننه تی کوردی... نووسراوی کاکه »\ ئه حمه د بازگر... ١٣
٦_ کونسرواتیزم و هه لپه رکیی سوننه تی کوردی \ کاکه ..................... ١٦
٧_ نازم حیکمه ت \ یوسف ره سولی ..................... ٢٨
٨_ شیعر: جوهیل، ریبوار، محمد که ساس . حه مه عه لی حه سه ن . ئاسو ..................... ٣٠
٩_ له هیچ شوینی نامینمه وه \ گوننار کییه ری . شنه عبدالله ..................... ٤٣
١٠_ کاریکاتیر \ شوکاک ..................... ٤٧
١١_ «ئه ده بیاتی کریکاری سوید له روانگه ی نیونه ته وه یی» \ کاکه ..................... ٤٨

***

# سه‌رووتار

ده سته ی نووسه ران

رووداوه كانی ئه م چه ند مانگه ی كوردستانی عیراق، كه به گرتنه وه ی شاری هه ولیره وه له لایه ن هیزه كانی رژیمی به عس و پارتی دیموكراتی كوردستانی عیراقه وه  ده ستی پی كرد، بو كه سیك كه كارنامه ی بزووتنه وه ی ناسیونالیستی كوردی له به ر چاودا بووبیت، رووداویكی كوت وپر و چاوه روان نه كراو نه بوو.

سه ره تای مانگی ئوكتوبه ر، هیزه كانی «ی. ن. ک» به شیكی زوری ئه و ناوچانه ی كه له ژیر د ه سه لاتی «پ. د. ک» دا بوون ده خه نه وه ژیر كونترولی خویان و له ماوه ی كه متر له مانگیك دا، دوو جار شاره‌كانی كوردستان ئالای زه رد و سه وز له به ر ده كه ن  و داده كه ن.

ئه مرو مه رامی شه ری ناوخوی دوو هیزی سه ره كی  ناسیونالیستی كوردستان، له هه موو كاتیک روشن تر و بی په رده تر له به ر چاوی كومه لانی خه لكی كوردستان دایه. رووداوه كانی ئه م دوایی یه ی كوردستان، له مرودا وه ک كیشه ی نیوان دوو میلیشیای سه ربازی چاوی لی ناكریت؛ به لكو بووه ته ته وه ری ئال و گوریكی گه وره تر، كه «رروژئاوا» و ئه مریكا و ده‌وله‌ته‌كانی ناوچه‌كه خوازیاری جی به جی‌كردنی مه‌رامه سیاسیه‌كانی خویانن له سه ری. ته وه ریک، كه تیایدا شووناسنامه ی وونی كومه لانی خه لكی كوردستان له چوارچیوه ی یه ک پارچه یی ئه رزی عیراق پیناسه ده كات  و وه لامی پی ده داته وه.

به راستی ئه گه ر ماركس ئه مرو بژیایه، ده بوایه چی له ووته مه زنه كه ی خوی بكردایه؟!

«میژوو دووجار خوی دووپات ده كاته وه، جاریكیان به شیوه ی تراژیدی، جاری دووه م له باری كومیدی‌دا»

ئه م گالته جاری یه به  چاره نووسی خه لكی كوردستان، تاكه شه ره فیكه كه ناسیونالیزمی كورد و بزووتنه وه كه ی بو ده یان جار له میژووی خویاندا به خه تیكی خویناوی توماریان كرد.

«ـ ئه مرو روژیكی تری ئاسایی كارمان ده ستی پی كرد. تاكه جیاوازیه ک كه له گه ل دوینی دا هه یه، ئه وه یه كه ئالا زه رده كان گوردران به سه وز.»

ئه مه ووته ی یه كیک له فه رمانبه رانی FN بوو كاتیک سلیمانی كه وته وه ژیر ده ستی ی. ن. ک. شاره كانی كوردستان له سایه ی ده سه لاتداریتی حیزبه قه ومیه كانی كوردا چه ند جار ده ستا و ده ستی پی كرا. چه ند جار ئالا هه لكراوه كانی سه‌ری گوردرا. به‌لام ئه‌وه‌ی له‌م ناوه‌دا، وه به تایبه‌تی له‌م رووداوانه‌ی دوایی‌دا ئالای وون بوو، ئالای خواست‌و ئیراده ی كومه لانی خه لكی كوردستانه.

زیاتر له ٣ ملیون ئینسان له فه‌رهه‌نگی ئه‌م هیزانه دا، جیگا و ده‌نگیكیان نی‌یه. له بازنه ی (شه رـ مفاوه زاتـ شه ر) ی ئه م حیزبانه دا، خه لكی كوردستان ته نها سووته مه نیه كی هه رزانی جی به جی كردنی ئه و مه رامه سیاسیه و دوا ئامانجه گه‌وره‌یه‌ی ناسیونالیزمه، كه ته‌نها له یه‌ک رسته‌دا كو ده‌كریته وه: «شه ریک بوون له گه ل رژیم دا بو حوكمرانی كردنی خه لک.»

ئه‌مه‌ش ته‌نها به‌مانای گورینی روخساری چه‌وساندنه‌وه‌یه، نه‌ک ریگا چاره‌ی واقعی بو سته‌میک كه له‌خه‌لكی كوردستان ده‌كریت. ئه‌م وه‌حشیگه‌ری‌یه ده‌بی ده‌ست به جی كوتایی پی‌بیت. «هانا» له زه‌ماوه‌ند و هه‌لپه‌ركیی هیزه كانی زه ردو سه وز دا، ته ماشاكه ر و چه پله لیده ریكی گه مژه نیه. هه موو هیزه كانی ده رگیر، له ئه مریكا و غه رب و رژیمی عیراق و توركیا و ئیران و حیزبه قه‌ومیه‌كانی كوردستان له خولقاندنی دوزه‌خی ئه‌مروی كوردستان‌دا مه حكومن.

***

# کفر، تاوان یا حەق؟

سینا پدرام

گومـان لـه بـوونی مفهومیک به ناوی خوا، قادری موتله ق، خولقینه ری ئاده م و عاله م و ره د کردنه وه که ی به ئه ندازه ی میژووی بەدیهاتنی خودی ئەم مفهومە کونه. بەلام مافی رەدکردنەوەی ئەم جوره مفهومە ئایینی یانه، هه میشه یه کی له و بابه تانه بووه که له میژوی ئینسان دا زور کیشه ی له سه ر کراوه. میژوویه ک که لاپه ره کانی پره له کوشت و بر و ئازار و ئه شکه نجه ی ئه و ئینسانانه ی که دژ به ئایین راوه ستاون.
دین و ئایینه کان له بیدایه تی به دی هاتنیانه وه، به رهه می بی هیزی ئینسان له به رابه ر گورینی دونیای ده ور و به ری به قازانجی خوی بوون؛ به رهه می داماوی ئینسان له به ره نگاری له گه ل سروشت، به رهەمی ناهه مواری یه کانی ژیانی کومەلایەتی و ئابوری بوون. ئەگەر چی ئایینەکان، هەم له روالەت و هەم له ناوەروکدا، نیشاندەری ناتوانایی ئینسان له لیکدانه وه ی دیارده کان، لالانه وه و پارانه وه ی ئینسانی ترسینراو و تحقیرکراو، سه رسورماوی مروف له هه ژاری و چارەرەشی بووه، لە هەمان کاتدا وەسیلەیەک بوون لە دەس چینە دەسەلاتدارەکان بو سەقامگیر بوونیان و بو ئه به دی کردنی لاوازی ئینسان و نابه رابه ری و هه لاواردنی چینایه تی.
هه لویستی ئایین سه باره ت به ئینسان بریتی یه له ته حقیری توانایی ئینسان له تی گه یشتن له شتی نه زانراو. به م پییه ئایین هه میشه کوسپی سه ر ریگه ی ئینسان بووه له ناسین و شاره زایی ئه و به سه ر خوی و دونیای ده ور و به ری دا. به مانایەکی تر، بوچوونی ئایینی لە ئەسلدا دژی عیلمە و ئەمە گشت ئایینەکان لە ئیسلام و مەسیحییەت و یه هودییه ته وه تا تازه ترین خورافه کانی سه ده ی حازر ده گریته به ر. هه ر بویەش که لک وه رگرتن له ئایین، له لایه ن چینه ده سه لاتداره کانه وه بو خه رفاندنی خه لک له هه موو ده وره جوراوجوره کومه لایه تی یه کان دا، نه ک هه لکه وتیکی ئاسایی، به لکو له تایبه تمه ندیه کانی ئایینه؛ چونکه ئایین خوی له نه زانی، له زانستیکی به رئاوه ژوو سه رچاوه ده گری. دونیای ئایین، دونیایه کی سه ره و نخونه. دونیایه که بو مردووه کان، نه ک بو ئینسانی زیندوو و داهینه ر.
بەلام لە دونیای زیندووەکاندا، واتە لە دونیای راستەقینەدا، ئایین بە ریکخراوە و سازمان و دامودەزگاجوراوجورەکانیەوە (وەکو کلیسا، مزگەوت، تەکیە و خانەقا و هتد...) هه ر به ته نیا خه ریکی روخاندنی زانایی ئینسان نەبووە. ئایین، هەر کات دەسەلاتی گرتووەتە دەست، سامناکترین و نائینسانی ترین به لای به سه ر ئینسانیەت هیناوە. ئایین، کاتیک کە دەسەلاتی بە دەستەوە نی یە، کرنوشبەر، مل کە چ و خوش مه شره فه؛ به لام کاتیک کە دەسەلات دەکەویتە دەستی، درەندەترین، کونەپەرستانەترین و نائینسانیترین شکلی حوکومەت دادەمەزرینی.

## ئایین ، هونەر و عیلم:

ئه به دی یه ت و ژیانی هه تاهه تایی، یه کی له کونترین ئاواته کانی ئینسانه. به لام ژیان هیشتا نهینی ئه به دی یه تی به ته واوی بو ئینسان نه درکاندوه. ئه به دی یه ت هاوزادی بی بر و دوایی ئینسانه و دریژخایه نترینیشی ده بی. ره نگه ئه و کاته ی که ئینسانی ئه شکه وت نشین، دیواری ئه شکه وته کانی به ره سمی جوراوجور ده رازانده وه، له هه ولی دوزینه وه ی وه لامیک بو ئه م نهینی یه بووبی. وه لامی ئایینی و ئایین خوشی، بو ئه م پرسیاره هه ر وه لامی ئینسانیکی نه زان و ده سته وسان له به رابه ر سروشت دا، که هه م غه له ته و هه م کوسپیکه له سه ر ریگه ی ئینسان.
غه له ته؛ به هوی ئه وه ی که ئایین، ئاره زوی ئه به دی یه تی ئینسان له م دنیایه دا ده فروشی به ژیانی هه تا هه تایی له دونیای خەیالی دوای مەرگدا. ئینسان بە شوین ژیانی هەتاهەتایی لە دونیای راستەقینەدا بوو، بەلام بە هوی

نه زانی و ناتوانایی خوی له دوزینه وه ی وولامی شیاو بو رووداوه کانی سروشتی و ژیانی ده ور و به‌ری خوی به گشتی؛ دل به ژیانی هه تا هه تایی له دنیای خه یال دا خوش ده کا. هه ر به و شیوه یه ی که خوا جوراوجوره کان، (یان خوای تاقانه ی ئه و ئایینانه ی که یه ک خوایان هه یه و ئه رک و خصوصیاتی ئه خلاقی گشت خودا ورد و درشته کانی پیشوویان به یه‌ک خوا سپاردووه) کوپی‌یه‌کی به‌راوه‌ژوو له خودی ئینسانن؛ به‌هه‌شت و ژیانی هه‌تاهه‌تایی له دونیای دوای مه رگیش، وینه یه کی کال و بی تروسکه یه له ئاواتی ژیانی ئه به دی ئینسان له م دونیا یه دا.

وه لامی ئایین هه له یه، چونکه پاداشی هه ول و ته قه لای ئینسان بو ئه به دی مانه وه، هه لده گری بو دوای مه رگ، نه ک ئه و کاته ی ئینسان زیندوه. ئه مه ئیتر نه ک ولامه به لکو خوی کوسپیکه له سه ر ریگای گه یشتن به وه لام.

به لام عیلم و هونه ر، تا ئه و جیگه یه ی خویان له چنگ دیوه زمه ی ئاین ده رباز کردبی، ولامیکی تریان سه باره ت به و ئاواته ئینسانی یه، واته ژیانی هه تا هه تایی داوه ته وه. عیلم و به تایبه ت عیلمی پزیشکی، بو هه تاهه تایی کردنی ژیان، روو ده کاته پاراستنی ساغی و سلامه تی ئینسان، به ره نگاری کردن له به رابه ر نه خوشینه کوشنده کان و دیتنه وه ی جی په نجه ی مه رگ له ناو خانه «cell» و جینه کان «gene» دا.

له روانگه ی هونه ره وه، ژیانی ئه به دی له داهینانی بی وه ستانی ئینسان، له هه لسوران و تیکوشانی دا و له مادی یه ت به‌خشین به تیکوشانی فیکری و جسمی ئینسان‌دایه. داهینانی هونه‌ری له بنه‌ره‌ت‌دا، وه‌دیهینانی ئه‌م ئاواته ئینسانی‌یه‌یه. ره‌نگه ئه‌و گیان‌له‌به‌ره ئه‌شکه‌وت‌نشینه‌ی که شیوه‌ی راوه‌که‌ی له سه‌ر دیوار نه‌خش ده‌کرد، بی ئه وه ی خوی بزانی، هه ر به م هیوایه وه ئه و کاره ی کردبی.

به‌ربه‌ره‌کانی‌و کیشه‌ی ئایین له گه‌ل عیلم و هونه‌ری پیشره‌و، له بنه‌ره‌ته‌وه، ده‌گه‌ریته‌وه سه‌ر جیاوازی له وه لام دانه وه به م پرسیاره ئینسانی یه. ئایین ئینسان فیری ده س له سه ر ده ست دانان ده کات به لام عیلم و هونه ری پیشره و و ئازاد روویان له هیزی داهینه ری ئینسانه. عیلم و هونه ر بانگه وازی ئینسان ده که ن که له ئاسمانه کانه وه، له دونیای خه یال و ئایین وه رگیری و بیته وه سه ر دونیای راسته قینه تا بتوانی به ر له وه ی دره نگ بی، به ر له وه ی ئایین کوتایی به ژیانی بینی، که لک له زانست وه رگری.

جیگای داخه که ئه مرو له کوتایی سه ده ی بیسته م دا، نه ته نیا شاهیدی زیندوو مانه وه ی ئایینین، به لکوو ده بینین که ئایین به وپه ری بی چاو و روویی له مه یدانه کانی سیاسی و کومه لایه تی دا خو تی هه لده قوتینی. ئه م رووداری یه ی ئه وروی ئایین له سایه سه ری هیرشی بورژوازی کونه په رست له ده یه کانی ۹۰_۱۹۸۰، بو سه ر ده سکه وته کانی چینی کریکار و ئینسانییه‌ت له مه‌یدانه‌کانی ئابوری و سیاسی. بو وینه له ویلایه‌تی ئالاباما ALABAMA له ئامریکا، ته واوی ئه و کتیبه بیولوژی یانه ی که تیئوری «ته کامولی داروین» یان_تیدایه و له قوتابخانه کان دا ده خویندری؛ ده بی له سه ریان بنووسری که ئه م تیئوری یه هیشتاش هه ر جیگه ی باسه و ته واو په سند نیه! سیاسه تمه داران و لی پرسراوانی ده‌وله‌تی له ویلایه‌تی (نیو هه‌مپشایر) New hempshire خه ریکن قانوونیک دامه زرینن که دایک و باوکی منالانی قوتابی، مافی ئه وه یان پی بدری که له مه دره سه به ر به فیر کردنی تیئوری ته کامولی داروین به منداله کانیان بگرن. ئه‌م پیشنیاره له لایه‌ن (په‌ت بوکانن) Pat Bukanan یه‌کیک له نوینه‌رانی سه‌ره‌ک‌کوماری ئامریکا له لایه‌ن جمهوری خوازه کانه وه، پشتیوانی لیکرا. ئه مه نه ک ته نیا هه ولدانه بو ره د کردنه وه ی تیئوری داروین، به لکوو هه ولدانیکه بو هینانه وه رووی کونه په ره ستی سیاسی به ر له رنسانس.

## **مافی بی قه‌ید و شه‌رتی «کفر کردن»:**

ره‌نگه هیشتا بو هه‌لسه‌نگاندنی ده‌یه‌ی نه‌وه‌د وه‌ک ده‌وره‌یه‌کی میژویی تایبه‌ت به تایبه‌ت‌مه‌ندییه سیاسی، ئه ده بی، عیلمی، تکنیکی و هتد، زوو بی. به لام هه ر ئا ئیستا ده کری ئیشاره یه ک به ئیئوری «نیسبی فه رهه نگی»

Cultur relativism بکه ین که وه کو سیستمی فکری، روانگه یه ک بو چونیه تی هه لویست گرتن سه باره ت به کومه لگا جوراوجوره ئینسانی یه کان له لایه ن ده وله ته کان، کوره ئاکادمیک و دانیشگاکان، و ئیدئولوگه کانی بورژوازی به تایبه ت له کوتایی هه شتاکان دا هاته گور و ته نانه ت ره خنه ی کرده ناو کوره «چه پ »ه کانیش.

ئه م تیئورییه له شیوازی جوراوجوری فه رهه نگی و کولتوری یه وه، ده س پیده کا و ده لی که هه ر فه رهه نگیک پیوه ری مه نتقی خوی هه یه و هه ر بویه ش هه لسه نگاندنی فه رهه نگه جوراوجوره کان مومکین نیه. به م شیوه یه ده که ویته پاکانه کردنی له روانگه ی کومه ل ناسانه و ئینسان ناسانه بو ئه م جیاوازی یه فه رهه نگی یانه و حقانیت ده دا به جیاوازی یه کان؛ یان هه ر گویی خوی لی ده خه وینی.

له مه یدانی سیاسی دا، ئه م روانگه یه ده بیته هوی دانانی پله و بایه خی جوراوجور بو مروف به پیی ئه وه ی له چ وولاتیک له دایک بووبن و له ژیر ناوی ریزگرتن له فه رهه نگه جوراوجوره کان، له به رابه ر نائینسانی ترین و دواکه وتووترین سیاسه ته کان و سوننه ته کان دا بیده نگ ده بیت؛ یا موری ره وا بوونیان لی_ ده دا.

له ئاکار و کرده وه ی روژانه ی ده وله ته ئوروپاییه کان و ئامریکای شیمالی، ئاکامی عه مه لی ئه م روانگه یه، بووه ته هوی جیاوازی دانان و هه لاواردنی سیستیماتیک له نیوان ئینسانی سپی و به ره گه ز ئوروپایی له لایه ک و خه لکی غه یره ئوروپایی و چاو پوشی یان پاکانه کردن بو جه نایه ت و ره شه کوژی یه کانی ئایین له وولاتانی وه کوو ئیران، هیند، پاکستان و هتد. مانای ئه م روانگه یه به کورتی نکولی کردنه له جه وهه ری یه کسانی ئینسان، بی له به ر چاوگرتنی ره گه ز، جنس و شوینی له دایک بوون.

له به رابه ر سیاسه ت و روانگه ی له م چه شنه دا، ده بی له سه ر به رابه ری ئیسنان کان و ئازادی بیر و را، بی سه ره نج دان به جیاوازی فه رهه نگییه کان، پی دابگیری. ئازادی کفرکردن له گشت ولاتانی دونیادا و به تایبه ت له و ولاتانه ی که ئایین به له شکری چه قوکیش و گوپال به ده سته کانی یه وه، هه ر سات و کاتیک ژیان له خه لک ده کا به جه هه ننه م، ده بی مافیکی زور ئاسایی ئینسانی ئه مرو بی. نه فی کردنی دین و ته بلیغی دژ به ئایین به هه ر شیوه یه ک، له بلاو کردنه وه ی ووتار و نووسراوه ی زانستی و فه لسه فی، ره خنه گرتن له بوچوونی ئایینی و هو و نه تیجه مادی یه کانی، ده ربرینی ئاشکرای باوه ر نه کردن مه سه له ی ئایینی و به خوا و به هه رچی ئینسان به ره و دیلی و زه بوونی هان ده دا؛ له ته نز نووسین و گالته کردن به گشت موقه ده ساته ئایینی یه کانه وه بگره هه تا لیکولینه وه ی میژویی و کومه لایه تی له م باره دا... هه مووی ئه وانه مافی بی قه ید و شه رتی هه ر ئینسانیکه. ئه مه ش له پی داگرتنیکی دووباره له سه ر ئازادی بیر و را ده ربرین به ولاوه، شتیکی تر نیه.

له سه رده میک دا که به هه زاران داوی دیار و نادیار خه ریکی سه ربرینی ئازادین (هه ر له دانانی یاسای کونه په رستانه و هورووژمی راسیستی و ره گه زپه رستانه له ولاتانی ئوروپاییه وه بگره تا ئه و ولاتانه ی که ئایین له ناویان دا خه ریکی خه رفاندن و سه رکوت کردنی ئاشکرایه)، که واته ده بی به ده نگی به رز و روون و ئاشکرا، له سه ر ئازادی و مافه کانی ره وای ئینسان بدویین.

له سه ره تای سه ده ی بیست ویه که م دا، ئه م داوایه زیاتر له ته نزیکی تال ده چی! به لام کاتیک که روناکبیرانی ئه م سه ده یه، ته نانه ت به ئه ندازه ی روناکبیرانی بورژوازی سه ده ی هه ژده ش له به ره نگاری له گه ل خورافه و ورینه ی ئایینی دا، جورئه تیان نییه، یا نایانه وی ئه وه نده به جه رگ بن؛ کاتیک که رووناکبیران و نووسه ران و روژنامه گه رانی ئیرانی ئه م چه ن ساله ی رابردوو ته نانه ت به ئه ندازه ی نووسه رانی ده وره ی مه شروتییه ت له سه ده ی رابردوو دا، وه کوو «ئاخوندزاده»، «لاهوتی»، «صام»، «معجزه شبستری»، «ئه حمه دی که سره وی» و «صادق هیدایه ت»، بو ره خنه گرتن له ئایین و نه کبه تی ئایینی زمان له زاریان دا ناگه ری؛ کاتیک کونه په رسته ئیسلامییه کان له کوردوستانی ئیراق دا هه ره شه ده که ن بو کوشتنی ریبوار ئه حمه د به بونه ی نوسینی ووتاریک سه باره ت به بناغه ی جه نایه تکارانه ی ئایین و روانگه ی ئایینی سه باره ت به ژن؛ کاتیک میرمنالیکی مه سیحی له پاکستان به جورمی ووتنی قسه ی «ناحه ز» به

ئیسلام، مه حکوم به مه رگ ده کری؛ کاتیک ئیسلامیه کان ده یانه وی «سه لمان روشدی» و «ته سلیمه نه سرین» بکوژن؛ کاتیک ئیسلامیه کانی تورکیه به ر له مه رگی عه زیز نسین ده یان ویست له ناو ئاگردا بیسووتینن؛ کاتیک له زوریک له وولاتان دا، هه زاران کومونیست و ئازادیخواز به جورمی خوا نه ناسی، زنجیر و حه پس و ئه شکه نجه ده کرین.... ئیتر هیچ گومانیک له‌وه‌دا نامینی که داواکاری ئه‌م مافه (دژ به ئایین بوون) واته مافی ژیان، مافی ژیانیکی ئارام، مافی ژیانیک دوور له سیبه ری ره ش و نه حسی ئینسان کوژه کانی ئیسلامی، پروتستانت، کاتولیک، یه هودی، سیک و هیندو و هه زار و یه ک گوی دریژی مه ندیل به سه ری تر! ئازادی ته بلیغ دژی ئایین، ده‌بی له ناو قانوون دا بگونجی و هه ر چه شنه ژیر پی خستنی ئه م ئازادی یه، سزا بدری.

به‌لام ئه‌مه _ به قانوونی‌کردنی ئه‌م مافه _ سه‌ره‌تای ئه‌و ریگایه‌که که کوتاییه که ی به له ناوچوونی هه ر جوره ئایینیک، به له‌به‌ین چوونی ئایین وه‌ک ئالای به‌خته‌وه‌ری خه‌یالی به‌شه‌ر، به له ناو چوونی کویله تی ئینسان له باره گای خواکانی ئاسمان و زه وی دا، ده رازیته وه. له گه ل وه دی هاتنی کومه لگای ئازادی ئینسانی، ئایین ئیتر ده بیته شتیک که به ده وره ی پیش له میژووی به شه ره وه په یوه ندی هه بووه.

ئه‌گه‌ر بورژوازی و کونه‌په‌ره‌ستی ئایینی ده‌یانه‌وی زانستی ئینسان به سه‌ر خوی و جیهان‌دا بگه‌رینه‌وه دواوه بو ده‌وره‌ی به‌ر له رنسانس، واته سه‌ده‌ی ناوه‌راست، سه‌ده‌ی زستانی میژوی به‌شه‌ر؛ ئه گه ر بورژوازی بو به ئه به دی نیشاندانی نیزامی ئه مرو، دنیای به رئاوه ژوو، نیزامی کاپیتالیستی، پیویستی به ئایینه بو قه بولاندنی ئه م سه رنخوونییه؛ ئه وسا ته نیا یه ک شت ده توانی کوتایی به م هه وله بوگه نه ی بورژوازی بینی، ئه‌ویش شورشی سوسیالیستی ئینسانی نوی‌یه.

***

# منداڵ و زمان

شه هلا

زانست رووني كردوته وه كه منداڵ نه ك له كاتي له دايك بوونيه وه به لكوو له و كاته وه كه له سكي دايكي دايه، هه‌ستي گوي گرتن و زور له هه سته كاني تري هه يه.

هه ر بويه له يه كه م ساتي له دايك بووني دا ده نگي دايكي ده ناسي و به بوني ئاشنايه. له هه مان كات دا منداڵ ئاشنايه به ده نگي باوكي. منداڵي كورپه، هه ستي زور به هيزه بو زمان و گوي لي بوون؛ دياره تي ناگات به لام ئاشنايه به ئاواز و ميلودي ده نگه كان.

زانست سه لماندوويه تي كه ئه و گوراني و چيروكانه ي دايك ووتوويه تي به به رده وامي له كاتي سك پري دا، كورپه ي تازه بووي ئاشنا ده بي پييان و به گوي لي بووني ئه و گورانيانه ئارام ئه بيته وه و خوشحال ده بي.

كاتيك دايك و باوك يان كه‌سيكي نزيك، كورپه ئه‌دويني و ئه‌يلاويني، كورپه به نيگا و جووڵانه‌وه‌ي ليوي، به رامبه ره كه ي ده پيوي و هه ولي لاسايي كردنه وه ي ده دات. جا لاسايي كردنه وه يه كه م هه ول دانه بو فيربووني زمان. بو ئه م مه به سته ش ئه بي چه ند جاريك ئه و ده نگانه ي گوي لي بي، بو ئه وه ي بتواني بيليته وه. ئا له م روله دا پيوستي به كه ساني گه وره ئه بي بو ئه وه ي به شداري له گه ل دا بكه ن.

گروگاڵي منداڵ بريتيه له يه كه م شيوازي قسه كردني كه ئه وه ش ته نها ده ركردني چه ند ده نگيكي بي مانايه، به لام له ئه نجامي دووباره كردنه وه و هاوبه شي كردني گه وره له گه ليدا، فورمي ووشه وه ر ئه گري.

هه موو مناليك له دونيا دا بي ره چاوكردني زمان و ميلله ت، چه ند ده نگيكي هاوبه شيان هه‌يه كه له دوايي دا ده بيته ووشه ي به مانا. بو نموونه منداڵ كه ده لي «ماما» مه به ستي دايكي نيه، به لام دايك كه گويي له و ووشه يه ده بي له خوشي دا كه كورپه كه ي ناوي ده با چه ند جاريك ووشه ي «ماما» دووباره ده كاته وه و خوي ده ست نيشان ده كات بو منداله كه. ئيتر به م جوره ووشه ي «ماما» ده بيته راستييه ك له لاي منداله كه كه واته ي دايه يه.

به هه مان شيوه، منداڵي كورديش ئه م ووشه يه ده ليت، به لام له به ر ئه وه ي ئيمه به دايه نالليين «ماما»، ووشه كه لامان ده بيته مه مه، واتا شير يان خواردن له لاي منداڵ دروست ده كه ين؛ ووشه ي داده ده كه ينه دايه و هه روه ها...

كه واته گروگاڵ و وورته وورت و ده نگه كاني منداڵ ئه بي وه لام بدريته وه و دووباره بكريته وه له لايه ن ده ور و به ريه وه، ده نا له قسه ده كه وي و تووشي مه ترسي كه ر و لالي ده بي.

## نموونه‌یه‌كی زیندوو

له ساڵي ١٩٨٨ له شاري «ئوريبرو» له كورسي زماني ئيشاره ت(Teckensprak) بووم، ماموستایه‌ك كه ده‌رسي پي ده گووتين دايك و بابي كه رولاڵ بوون. ماموستا كه سه ر گوزشته ي منالي خوي گيرايه وه كه گوايا تاكو ته مه ني دووساڵي وا زانراوه كه كه‌ر و لاله. به هوی تووش‌بوونی نه‌خوشیه‌كی گويچكه ده‌بريته لاي پزيشكي تايبه‌تي و له ئه‌نجامی چه‌ند تاقی كردنه‌وه‌یه‌كی ئاسایی‌دا پزيشكه‌كه بوی ده‌رده‌كه‌وی كه ئه م منداله كه ر نيه و له دوايي دا ده رده كه وي كه لاليش نيه، به لكوو له ته مه ني كورپه يي دا كه گروگاڵي كردووه، كه سيك نه‌بووه هاوبه شي قسه كردني بكات و بيدويني (چونكه دايك و باوكي كه ر و لال بوون).

جا منداله كه ده رفه تي لاسايي و دووباره كردنه وه ي بو نه خولقاوه؛ هه ر بويه له ده نگ و گر و گاڵ كه وتووه؛ بي ده نگ ماوه ته وه و بوي بوته سيفه تيكي سرووشتي. پاش ئه وه ي منداله كه ئه خريته ژير چاوه ديري تايبه تي يه وه، به ماوه يه كي كه م ئه كه ويته قسه و ده ر ئه كه ويت كه نه كه ره و نه لاله.

به لام له سه ر ووته ی خوی له سه رده می مندالی دا، دوای ئه وه ی فیری زمان ده بیت هه میشه هه ست به نادلنیایی و ترس ده‌کات له ده‌وروبه‌ری، چوونکه دلنیا نابیت له‌وه‌ی که خه‌لک لیی تی بگه‌ن؛ به‌لام ئه‌و هه‌سته‌ی پاش ماوه یه ک نامینی. له کوتایی دا ئه و ماموستا لیهاتووه ی لی ده رچوو که ده رسی به چه نده ها که س ده ووته وه.

## قسه کردن به زمانی مندال:

له ته‌مه‌نی یه‌ک سالی‌دا، مندال ووشه به کار دینی بو ده‌ربرینی مه‌به‌ستیک، واته رسته‌یه‌ک به یه‌ک ووشه ده گه یه نیت؛ بو نموونه ووشه ی «ئاو» مانای تینومه. له و ماوه یه دا هه موو جوره گفتوگویه ک و جووله و یاری کردن و به‌سه‌رهاتی روژانه، ئه‌بنه سه‌رچاوه‌یه‌ک بو فیربوونی زمان. مندال هه‌ر وه‌کو مروقی گه‌وره جیاوازن له توانا و به هره یان دا؛ هه ندی زوو فیری قسه کردن ده بن؛ هه ندیکی تریان دره نگ تر. لیره دا ئه‌وه گرنگه که ده ست نیشانی بکه ین که وا منداليک که له قوناغی زمان فیربوون دایه، ره نگه دره نگ تر زمانی بپژی به ووته، گه ر بیت و بیجگه له زمانی دایکی، زمانیکی‌تریشی هه‌بی له ده‌وروبه‌ردا که پیویست بی فیر ببی؛ گه‌رچی منالی بچووک بی شک توانای فیربوونی چه‌ند زمانی هه‌یه. له‌ته‌مه‌نی دوو سالی تاکوو دوو سال‌ونیوی، منال ئه‌توانی به‌هوی دوو سی ووشه‌وه رسته یه ک بهینی و هه سته کانی ده ربری و هه ر له م کاته دا شیوه ی گراماتیکی زمانه وانی تا راده یه ک دیته ناوه وه.

دیاره گه‌وره به زمانیکی ساده مندال ده‌دوینی و کاتی مندال قسه ده‌کات گرنگ‌نیه گه ر بیت و منداله که هه له ی زمانه وانیشی هه بیت؛ به لکو گرنگ ئه وه یه که گه وره به زمانیکی پاک وه لامی بداته وه و هه رگیز هه ول نه دری ووشه هه‌له‌کانی به شیوه‌یه‌کی راسته‌وخو و وه‌کو ماموستایه‌کی زمانه‌وانی بو راست بکریته وه؛ به لکو هه میشه سه رنجی منداله‌که راکیشه بو ئه‌وه‌ی خوشی له‌و گیرانه‌وه‌یه و گفتوگویانه ببینی و ریگه بده با له هه‌مان کات‌دا به ناراسته وخو و له ریگای دووباره کردنه وه وه، ووشه کانی به راستی پی بلی.

باشترین ریگه بو گه‌شه‌پیدانی زمانی مندال، دواندن، گوی‌گرتن لیی، گرنگی‌دان به قسه‌کانی، یارمه‌تی‌دانی بو ته واوکردنی ره سته کانی له کاتیک دا که ووشه ی بو نه دوزریته وه، نه فه س دریژی و ماندوو نه بوون. هه رگیز ماندوو مه به به پرسیاره بی سنوور و دووباره کراوه کانی مندال. وه ک دایک و باوک ئه بی توانا و کاتمان هه بی بو وه لام دانه وه و روون کردنه وه بو منداله که مان.

## دوو زمانی بوون مندال:

سه باره ت به و خیزانانه ی که له وولاتیکی بیگانه ن و پیویست ده کات منداله کانیان دوو کولتوور و دوو زمان فیر ببن؛ بو نموونه بو ئیمه که له وولاتیکی وه‌ک سووید دانیشتووین، سه‌یر نی‌یه گه‌ر بیت و مندال له کاتی قسه کردنی دا ووشه ی سویدی به کار بهینی، به لکو گرنگ ئه وه یه دایک و باوک هه میشه به زمانی زکماکی (دایکی) خوی قسه له گه ل منداله کانیان بکه ن و به هه مان زمان وه لامیان بده نه وه ئه گه رچی پرسیاره کانیان به سویدیش بیت؛ چونکه زمانی دایک بناغه یه بو فیربوونی زمانی دووهه م. به پیچه وانه وه ئه گه ر زمانی دایک نه زانرا، ئه وه مندال نابیته خاوه ن هیچ زمانیک. (هه ول مه ده به سویدی له گه ل منداله که ت بدوییت؛ چوونکه هه رگیز ناتوانیت تو میلودی زمانه که به راستی ده‌ربهینیت. له به‌ر ئه‌وه بو سه‌رلی نه‌شیوانی مندال، چاکتره ئه‌رکی یه‌که‌مت ببینی که ئه‌ویش فیرکردنی زمانی دایکیه‌تی.)

## گیرانه‌وه و خویندنه‌وه‌ی چیروک:

کاتیک مندال تیکه لی ده وروبه ری ده بیت بیجگه له دایک و باوکی که سانی تریش ده بینی و مه ودای زمان فیربوونی فراوانتر ده بی، رووداو و به سه رهاته کانی روژانه ی زورتر ده بی، هه ر به هه مان شیوه ش پیویستی به زمانیکی پاراوتر و

ووشه ی زیاتر ده بی بو ده ربرینی هه ست و بیره کانی.
مندالان له ته مه نی سی تا پینج سالی دا زور قسه ده که ن له گه ل یه کتر دا ته نانه ت به ته نیاش بو خویان هه ر قسه ده که ن. له م ته مه نه دا مندال قسه کانی نزیک ده بیته وه له قسه ی گه وره وه، واته هه نگاویکی گه وره ده نی له زمان فیر بوون دا.
مندال هه میشه به یاری و گورانی و چیروک و به سه رهات گیرانه وه ده گه شیته وه، جا ئه و شتانه گرنگیه کی زوری هه یه بو به ره وپیش چوون و گه شه کردنی زمان و هه میشه پیی خوشه که گه وره یه ک ئه و شتانه ی بو بکات. بو نموونه کاتیک که چیروک بو منداله که ت ده خوینیته وه بیجگه له وه ی دلنیایی و نزیک بوونه وه و گه رمی ده دیتی، ده رفه تیکی تری ئه ده یتی بو فیر بوونی زمان و راستی ژیان.
ئه و منداله ی دایک و باوک کاتیان هه یه بوی و له ژیر سایه ی په یوه ندی یه کی خیزانی له بار دایه، ئارامتره و ده رک و تیگه یشتنی خیراتره و به ساناى له گه ل که سانی ده ورووبه ری دا ده گونجی، له کاتیکدا مندالیک که له خوشه ویستی بی به شه و دایک و باوک به هوی سه رقالی یان گیروگرفتی خویانه وه کاتیان نی یه بوی، هه میشه ناره حه ته و به سانایی ناگونجی له گه ل ده ورووبه ری دا و له هه مان کات دا خاوه نی زمانیکی له بار نابی بو ده ربرینی هه سته کانی.
نه گونجانی مندال له گه ل ده ورووبه ری دا و تیکه ل نه بوونی به که سانی تر، ئه بیته هوی دابرینی له کومه ل و به م شیوه یه زه مینه ی قسه کردن و په یوه ندی کومه لایه تی نابی. زور جار مندالی په نابه ر به هوی که م و کووری زمانی دووهه میه وه تووشی زور ناره حه تی و ده روی ده روونی ده بی و هه ندیک جاریش ده بیته مروقیکی نالە باریش.
گه ر بیت و مندالیکی په نابه ر نه توانی به سویدی هه ست و به سه رهات و رووداوه کانی روژانه ی بگه یه نیته ده ورووبه ری ( چ له باخچه ی مندالان بی یان له قوتابخانه و یان هه ر شوینیکی تر)؛ له کاتیک دا که هاوته مه نه کانی ئه و کاره به ئاسانی ده که ن، ئه وه لای منداله که هه ست به خوکه م کردن و بی بروایی به توانا و لیهاتوویی خوی لا درووست ده بی، چوونکه مندال ناتوانی هوی ئه و نه زانینی زمانه شی بکاته وه.
بویه ئه رکی گرنگی سه ر شانی هه موو دایک و باوکیکه که کاتی پیویست بده ن به منداله کانیان و شیواز و ریبازی راست و درووست بگرن بو په روه رده و فیرکردنیان و ئاوه له کردنه وه ی ده رگای ژیانیکی به خته وه ر و تا راده یه ک که م ئازار. دیاره به پله ی یه که م کومه لگا به رپرسیاری ئاسان کردن و جی به جی کردنی ئه و ئه رکه ی خیزانه.
زمان تاکه ریگه ی پته و کردنی په یوه ندی یه کومه لایه تی یه کانه. ئه وه کاری گرنگی هه یه به سه ر درووست کردنی که سایه تی و هه لسووکه وته وه هه روه کو Benkt Erik Hedin ده لی:

به ووشه مروف دلخوش ده بی

به ووشه مروف تووره ده بی

به ووشه مروف تووره ده کری

به ووشه مروف ده لاوینری

به هوی ووشه وه مروف فیرده بی

به هوی ووشه وه مروف خوی ده ناسی

ووشه کومه کمان ده کات بو ئه وه ی پیکه وه بژین

(ئه بی به پاراوی بدویم _١٩٧٥ Gavereors )

***

# له چاوه‌روانی گورانی‌یه‌کی‌تردا.

ئاسو

قسه له سه ر گورانی کوردی که م کراوه. ئه زمه و تازه گه ری له ئه ده بی کوردی دا و ئاستی ره خنه له ئه ده بی کوردی دا؛ ئه‌مانه گه‌لیک له‌و ناو نیشانانه‌ن که له گوقار و روژنامه‌کانی ناوه‌وه و ده ره وه ی کوردستان دا ده بینرین و له گه لیک کور و کومه له ئه ده بیه کان دا دووپات ده کرینه وه.

به‌لام ئه‌م کاره بو موسیقای کوردی، وه‌ک به‌شیکی جیا نه‌کراوه‌ی هونه‌ر به گشتی، نه ک هه ر خاوه نی جیگایه کی دیاریکراو نه بووه، به لکو تاک و ته را باسی لیوه کراوه و له باشترین حاله تی دا، له بیر و رای گورانی بیژانی کورد به و لاوه زیاتر نه‌بووه. دیاره ئه‌ویش هه‌ر له کاتی رووبه‌روو بوونه‌وه‌یان دا له به‌رامبه‌ ر ئه و پرسیاره ته قلیدیه ی که له گورانی بیژان ده کری سه باره ت به جیگا و ریگای موسیقای کوردی له ئه مرو دا.

دیاره هوی ئه م هه واری خالی یه ی هونه ری کوردی، له باسی موسیقا ده کری له گه لیک هوکار دا کو بکرینه وه. به فه رز وه‌رگرتنی گورانی کوردی وه‌ک که‌له‌پووریکی نه‌ته‌وه‌یی، نه‌گور و شایه‌ن ده‌ست لی‌نه‌دران، یه‌کیک له‌وانه‌یه. روشنبیری موسیقا به گشتی خالیکی تره که له ئاستیکی لاواز دایه و تا ئیستاش روشنبیرانی موسیقا زور له دوای ئه و گورانکاری یه خیرایانه وه ن که گورانی سه رده م پیی گه یشتووه.

بویه با ئیمه‌ش لیره‌دا، ئه‌و پرسیاره‌ی که رووبه‌رووی لقه‌کانی تری هونه‌ری کوردی ده‌کریته‌وه، بخه‌ینه به‌رده‌م موسیقای کوردی و بپرسین: موسیقا و گورانی کوردی له چ ئاستیک دایه؟!

دیاره لای هه‌موان ئاشکرایه که ئه‌و موسیقا و گورانی‌یه‌ی ئه‌مرو له کوردستان‌دا بالا ده‌ستی خوی نیشان‌داوه، موسیقای «ته قلیدی» کوردی یه. ئه م پیناسه ی ئه مروی موسیقای کوردی له ده ره وه ی سنووره جوگرافیایانه ی کوردستان خوی دا، چه ند ده خویندریته وه؟ هه ر بویه ش جیگا و ریگای گورانی کوردی لای دلخوازانی مودیرنی گورانی و موسیقای جیهان دا، ده کری هه نگاوی یه که م بی بو گه ران به دوای وولامی ئه م پرسیاره ی هینامانه کایه وه.

من به ش به حالی خوم تووشی دله راوکی یه کی زور ده بم کاتیک هاوری یه کی ئه ورووپایی یان هه‌ر که سیکی تری هه ر سووچیکی ئه م دنیایه، داوای گویگرتنی گورانی کوردیم لی ده کات.

« ئه مانه زیاتر له گورانی میللی یه وه نزیکن، هیوادار بووم رووخساری ئه مروی گورانی کوردیم بدیایه». ئه مه قسه ی هاوری یه کم بوو، که خوی موسیقاژه نی یه کیک له گرووپه کانی ئه مریکای لاتینه لیره.

ئه وه ی من ده مه وی له م کورته نووسینه دا بیخه مه روو، هه ولدانیکه بو گه ران به دوای رووخساری نادیاری گورانی و موسیقای نوی کوردی له‌مرودا، که نه‌ک هه‌ر خاوه‌نی ئه‌م ده‌نگ و ئاوازه نیه به‌لکو هیشتا بوونی خوی نه‌سه‌لماندووه.

بو چی گورانی کوردی تا ئیستا نه یتوانیوه سنووره کانی کوردستان ببه زینیت و، ته نانه ت ناتوانی هه ستی ئینسانیکی مودیرنی ئه م سه رده مه به شوین خوی دا رابکیشیت؟! ئایا هه ر له به ر ئه وه ی گورانی کوردی له خیزانی ئاوازه کانی روژهه لاته و ناتوانی له و سنوورانه تیپه ریت که ئاوازی خورهه لات بوی کیشاوه؟! که‌چی گورانی تورکی و عه ره بی و هندی توانیویانه ئه و سنوورشکاندنه به ئه نجام بگه ینن.

به لام ئه و وه لامانه ی که له ئه نجامی پرسیاره کانی سه ره وه دا به ده ستمان ده گات به روونی و ئاشکرایی ده دوین.

_ بو چی کورد بوونی خوی سه لماندووه، تاکو بوونی گورانی خوی بسه لمینیت؟

_ ده‌ست گرتن به فولکلور و زیندوو کردنه‌وه‌ی که‌له‌پووری نه‌ته‌وه‌یی، نه‌ک هه ر به ئه رکیکی نه ته وه یی پیروز له قه له م ده دری، به لکو به شیوازیک له شیوازه کان ده بیته چه کیکی به رگری.

به لام سه یره که له وه دایه، ئه م وه لامانه ناتوانن خویان له به رانبه ر شیعر و شانو و چیروکی کورتی کوردی دا بگرن.
ئه گه رچی چه ند هه ولیک له ناوه راستی ساله کانی ۷۰وه له کوردستانی عیراق دا درا بو نیشاندانی رووخسار و ده نگیکی تری گورانی کوردی. دیاره ئه و کاته له ژیر ناونیشانی «گورانی روژئاوایی» دا خوی پیناسه ده کرد. ئه ویش ته نها هه ر له به ر به کارهینانی گه لیک له و ئامیرانه ی که له موسیقای روژئاوا دا به کار ده هینرین وه ک «جاز و گیتار و ئورگون و.....». به لام له ره وتی به ره وپیش چوونی خوی دا، ئه م هه ولانه که م ته مه ن بوون و له دوای خویانه وه ته نها چه ند ناویکیان به جی هیشت.
گورانی کوردی، تا ئیستا نه یتوانیوه ده ست به رداری فولکلور بیت. فولکلور تاکه سه رچاوه یه که گورانی بیژ به بی ده ردی سه ری له ژیر ناونیشانی زیندووکردنه وه ی ئه ودا ده ستی بو بردووه و ده ستی بو ده بات. دیاره نووکی ره خنه به رانبه ر به فولکلور نیه، به لکو رووبه رووی ئه وانه یه که مامه له ی «دوینی» یانه به فولکلور ده که ن له ئه مرو دا.
سه رچاوه ی گورانیه کانی «خالید» گورانی بیژی جه زائیر، که فروشی ئه لبوومی گورانیه کانی بو ماوه ی چه ند مانگیک له لیستی یه که م و دووه مى فروشگاکانی ئه وروپادا بوو، فولکلوری جه زائیره. به لام نه فولکلور بوونی گورانیه کان، به لکو مامه له ی زیندووانه ی گورانی بیژ بوو به ئاوازه کان وای کرد که خالید وه ک گورانی بیژیکی به ناوبانگ ده ر بکه وی.
ئه فسانه کانی هندستان و ژیانی پر سیحر و ته لیسماوی هندستان، ئیلهام به خش و سه رچاوه ی رومانه کانی « سلمان روشدی» ن؛ که چی لای روشدی ده بنه که ره سته ی «ئایه ته شه یتانیه کان» و زوریک له رومانه کانی تری. Folk musicو Dans music دوو شکلی گورانین له ئه وروپا دا، که تا ئه مروش دریژه به ژیانی خویان ده ده ن. که چی له وولاتیکی وه ک سوید دا، ABBA هه یه و بگره ده یه ها ناوی ناسراوی تر. هه ل و مه رج و سه رکوتی سیاسی ئه مریکای لاتین له گه ل کوردستان دا زور جیاواز نیه، به لام گورانی مودیرنی شیلی و ئوروگوای و کوبا و زور شوینی تری ئه مریکای لاتین بو هیچ که سیکی ئه وروپا جیگای سه رسوورمان نیه.
هه ندی که س هوی قه تیس مانه وه ی گورانی سوننه تی کوردی له چوارچیوه ی خودی کوردستان دا له گه ل گری دانی به وه زعیه ته سیاسیه که ی کوردستان، ده به ستنه وه به ئیمکاناتی مادی و نه بوونی کومپانیای تومارکردنی مودرینه وه. به لام من پیم باشه ئه و پرسیاره له «یه لماز گونای» بکریت. له گه ل ئه و هه موو ده ردی سه ری و بی ئیمکاناتی هونه ری و سه رکوتی سیاسی تورکیا دا، له گه ل ئه وه ی خوی له کاتی تومارکردنی فیلمه که دا له زیندان دا بوو؛ چون توانی خه لاتی فیستیڤالی «کان» بپچریت؟
به لام ئه مه ته نها گوشه یه کی کاره که یه. زه مینه ی قه تیس مانه وه ی گورانی کوردی له چوارچیوه ی خودی کوردستان دا و، دوست و ئاشنا په یدا نه کردنی ئه م گورانی یانه له ده ره وه ی ئه م سنووره دا، چه ق به ستنی گورانی یه کانه له ده وری شیوازی سوننه تی و باوی کوردی. هه ر وه ها ئه سیر مانه وه ی خودی گورانی بیژ و گورانیه کانیش له چوارچیوه ی فه رهه نگیک دایه که به خالی نه ته وه ده ست پی ده کات و ده گاته وه هه مان خال.
ناسیونالیزم نه ک هه ر بزووتنه وه یه کی سیاسی یه که ئالاهه لگر و قسه که ری سیاسی خوی هه یه، به لکو له بواری مه عنه ویات و هونه ری کومه لگادا هه تا ئیستا رابه رایه تی خوی سه پاندووه و به هه زار و یه ک شیوه خوی ده گوریت و ده ر ده که وی.
موسیقا زمانیکی جیهانی یه و ئه م شوناسنامه جیهانیه ی موسیقا له مرو دا له هه موو کاتیک به رجه سته تره. داهینانه نوی یه کانی ئامرازه کانی په یوه ندگرتن، ئه مرو ئیتر سنووری به ئاسن هه لچنراوی زوریک له وولاته دیکتاتوره کان ده بریت و له ئیرانی ئیسلا م دا یه کیک له کاره گه وره کانی ده ستگاکانی سه رکوت به پله ی یه که م ده بیته: هه ولدان بو چونیتی به رگه گرتن به و شه پولی گورانی یه مودرینه ی که له ریگای سه ته لایته کانه وه خوی ده گه یینیته ته نانه ت ماله کانی نزیکی مزگه وتیش.
ئه گه ر ناسیونالیزم له باری سیاسیه وه تراجیدیا له سه ر تراجیدیا له میژووی کومه لانی خه لکی کوردستان دا ده خولقینی و

له باری سیاسیه وه له زونگاوی کونه په رستی دا چه قیوه؛ ئه وه له باری مه عنه ویات و هونه ری کومه لگا دا به په یامی «پاراستنی موسیقای میللی کوردی»، موسیقای کوردی کیش ده کاته سنووره کانی زونگاوی خویه وه و ده ست ده خاته بینی.

ئه گه ر ئه مرو هه ول و کوششه کان له ناوه وه ی کوردستان له و ئاسته دا بیت، ئه وا پاش ۳۰ سال له به ره و پیش چوونی کومه لگا؛ تازه به تازه گورانی کوردی ده ست به داوینی ده فه وه ده گریت و نه ک هه ر مامه له یه کی مودرینانه به و ئامیره موسیقی یه ناکا، به لکه گورانی بیژی کورد وا لی ده کات که رایبکیشیته ناو چوارچیوه ی ته سه وف و له ناو باغی عیرفانی شاعیرانی ته سه وف دا ویلی بکات و ده نگی خوی دابه زینیته ئاستی ده رویشیکی خانه قا، وه موسیقای « سینه کوتان» له سه ر هه مان موده ی «موسیقای ئه سیلی ئیرانی» بکاته موده ی گورانی کوتایی ساله کانی سه ده ی بیست.

ئه گه ر ئه مه روخساری ئیستای گورانی کوردی بیت له ناوه وه؛ ئه وا له ده ره وه ی کوردستان دا وینه که زور جیاواز نیه. تاکه جیاوازیه ک که له نیوان گورانی کوردی له ناوه وه و له ده ره وه دا هه یه، ته نها له وه دایه: له ده ره وه به هوی به هره مه ند بوونی گورانی بیژ له گه لیک ئیمکاناتی ته کنیکی نوی، ده کری گورانیه کی پاکتر و پووخته تر تومار بکریت که له ناوه روک و شیوه دا سه ر به هه مان خیزانی گورانیه کوردیه ره سه نه که یه و، ئه ویش دیاره له گویگریکی کورد به ولاوه، که له چوارچیوه ی فه رهه نگی زالی ناسیونالیستی دا یه خسیره، کریاریکی تری بو په یدا نابیت.

ئاخو کی له گورانی بیژه کان ئه م ته لیسمه مان بو ده شکینیت و رووخساری نوی و نیونه ته وه یی گورانی کوردیمان پیشکه ش ده کات؟

***

# سەرنجێک لە سەر «ئازادی تاکە ئینسان و هەڵپەرکێی سوننەتی کوردی» نووسراوی سلیمان قاسمیانی (کاکە)

ئە حمە د بازگر

شک لەوە دا نییە کە نووسین و لیکولینەوە لە سەر هەلپەرین و رەقس جیگای خوی هەیە و بە تایبەت ئەوە مەیدانیکە کە هەتا ئیستا - ئەوەندەی من بزانم - وەک پەریزیکی نە شەمزاو وایە و قسە ی کە م لیکراوە. بە لام ئەوەی کاک سلیمان قاسمیانی (کاکە) لە هانای ژمارە ۳دا نووسیویەتی، شەش تەقە ل و مانگە شە ویکە کە وە ک پلاری کویری گورزاندوویە تی جا لە هە ر جی یە ک کە وتە عە رز خوی و خوای خوی.

کاکە لە تە جرە بە یە کی شە خسی خویە وە دە ست پیدە کا، کە ریزی هە لپە رکیی کوردی خە ریکە دە یپلیشینی، قامکیک لە چاوی میژوو رو دەکا، سیخورمیک لە رەوابیتی عەشیرەتی دەکوتی، وەسفیکی ناشارەزاینە و یەکلایەنە لە هە لپە رینی کوردی، سە رچوپی گیر و باقی بنیادە مە کانی ریزی هە لپە رکی دە کا، هە لپە رینی کوردی دە کا بە ماریک ــ کە ئەلبەت ئەوەی کاکە دەیلی دەبی هەژدیها بی ــ کە ریگەی دەرەتانت لی دەبری، سە رە نجام رە قسی دیسکو دەکا بە ئالترناتیوی هەلپەرینی کوردی و لە کوتاییش دا ژمارەیەک لە ناودارانی موسیقا و گورانی جیهان نیودیر دە کا.

من لە م نووسراوە یە دا مە بە ستم ئە وە نیە کە دیفاع بکە م لە هە لپە رینی کوردی و بە گژ رە قسی دیسکو دا بچمە وە. بە بروای من هیچ کام لە و رە قسانە نە بو مە حکووم کردن دە بن و نە بو ئە وە دە بن بە روکیان بو دادرم. هیچیان ئاغای ئە وی تریان نییە. هە ردووکیان بو من وە ک یە ک بایە خیان هە یە و خوم لە هیچ کامیان بە بیگانە نازانم. هە ر دووکیان لە نە زە ر منە وە نیشانە ی شادی و خە م بە با کردنن. هە ر دووکیان رە قسن.

کابرایە کم دە ناسی کە بە ر لە رووخانی رژیمی شای ئیران وە ک سە مپاش لە ئیدارە ی مالاریا کاری دە کرد و لە سە ر کارە کە ی فیری دە رزی لیدان ببوو. دوای هاتنە سە ر کاری جومهووری ئیسلامی و سە رهە لدانی بزووتنە وە ی شورشگیرانە لە کوردستان ئە ویش هیلانە کە ی لی شیوا و سە ری بی کلاو مایە وە. بزووتنە وە ی شورشگیرانە لە کوردستان ئە گە ر زور لایە نی بە نرخی هە بوو، بو کومە لیکیش بوو بە ئاوایی بی مە لا، زور کە لە بابی کردنە بلقاسم. بە م شیوە ئە م برادە رە ش بوو بە دوکتور. لە سای رژیمی ئیسلامە وە، نە بوونی بیهداشت و وە زعی مە ینە تباری گوندنشینە کانی کوردستان، گە لیک نەخوشی، کە وا ویدەچوو ئاسەواریان نەمابی، سەریان هەلدایەوە. بازاری ئەم دوکتورە ش گەرم بوو، گونداو گوند خە لک بە شوینی دا دە چوو کە بچی و نە خوشە کانیان ببینی. بە لام دوکتور موشکیلە یە کی هە بوو، نە ک هە ر لە نیو دە ریای مە علووماتی دا چارە سە ری هیچ نە خوشیە کی پی نە دە کرا، بە لکوو لە لیستە ی نە خوشیە کانیش دا تە نیا نیوی دوو نە خوشی دە زانی: فشاری خوین و روماتیسم. هە ر کە س لە نیو قە دی بو سە ری عە یبیکی هە بایە، فشارخوینی بوو؛ لەویش بەرەژیر، روماتیسم. دوای چەند مانگ لە مەنتەقەی ژیر دەسەلاتی کاک دوکتور نیوەی خەلکەکە یان فشارخوینی بوو یان روماتیسم. بو دەرمانی هەر دوو نەخوشیەکەش نیوی دوو دەرزی دە زانی کە لە بە ر قە دیمی بوونیان لە دەرمانخانەکانی شار گیر نەدەکەوتن. ئەلبەت هەموو نەخوشەکانیش چەوری و سویری و ترشیان لی قە دە غە دە کرا.

نووسراوەکەی کاکە زور وە بیر ئەو دوکتورەم دەخاتەوە. خەلک لە کوردستان بە کومە ل هە لدە پە ری، ئە وە دە بیتە عە یبیک و ئە و عە یبە ش خە تای ناسیونالیسم و مە زهە بە. ناسیونالیسم و مە زهە ب قە بالە یەکی ئە وە ندە رە شیان هە یە و بە جوریک نیوزراو و دژ بە ئینسانن کە ئە گە ر هە لپە رین لە کوردستان فشار خوین و روماتیسم بگری، دە کری بە

حیسابی ئەو دوو درنجەیان بنووسی، بی ئەوەی کەس ئوخژنی بیتی. ئایا بە راستی هە لپە رینی کوردی وە ک کاکە دە لی لە قور چە قیوە؟ دواتر دیمە وە سە ر ئە م باسە.
هە ر چە ند _ بە پیچە وانە ی مە یلی خوم _ لە رووحی مە تلە بە کە دوور دە کە ومە وە، ناچارم زور بە کورتیش بی لە سە ر ئە و تە سویرە کە کاکە لە ناسیونالیسمی کورد دە یدا، قسە یە ک بکە م:
" ئە گە ر ناسیونالیسم دوو سە دە لە مە وە پیش لە سە ردە می سە ر هە لدانی سە رمایە داری دا بە هوی کیشە ی توندی لە گەل فئودالیسم دا، روو لە پیش بوو، ئەمرو ئیتر لە کونەپەرستی واتر هیچ شتیکی تری لە هەمبانە دا نیە! موشکیلە ی ناسیونالیسمی ئە مرو نە ک فئودالیسمی خوولاتی بە لکوو بورژوازی نە تە وە ی ترە" کاکە، هانای ژمارە ۳.
کاکە بە ناحە ق میدالیک دە دا بە ناسیونالیسمی دوو سە دە لە وە پیش. ناسیونالیسم لە هیچ د ە ورە یە کی میژوویی دا _ وە ک کاکە دە لی _ لە گە ل فئودالیسم دە ستە و یە خە نە بووە. ئە سلە ن شکلی باسە کە بە راوە ژوویە. فئودالیسم سیستمیکی کومە لایە تی یە لە حالیکدا ناسیونالیسم باوە ریکی سیاسی یە. ئە وە ی لە گە ل فئودالیسم د ە رگیر بوو دیاردە کانی نیزامی سە رمایە داری بوون نە ک ناسیونالیسم. ناسیونالیسم باوە ری بە شیک لە لە شکری سە رمایە داری بوو لە دژی فئودالیسم. روو لە پیش بوونی ئە و باوە رە ئە گە ر بوختان نە بی بە شیددە ت لە ژیر پرسیار دایە.
موشکیلەی ناسیونالیسم ئەمرو لە کوردستان بورژوازی نەتەوەیتر نییە. من دەزانم کاکەش تلویزیونی هەیە و روژنامە ش دە خوینیتە وە، پیم سە یرە کە ئە و چاو لە و راستی یە دە قونجینی کە ناسیونالیسم لە هیچ دە ورە یە کی تاریخی دا بە ئە ندازە ی ئە مرو گوی لە مستی بورژوازی نە تە وە ی تر نە بووە. ژمارە ی ئە و دیپلوماتە ناسیونالیستە کوردانە ی کە ئە مرو لە بە ر کوشکی سپی ئامریکا و پارلمانە کانی ئوروپا دا خە ریکی سوالن، زور لە ژمار ە ی ئە و بنیادە مانە ی کە کاکە لە ریزی هە لپە رکیی کوردی دا دە پلیشینن زیاترن.
"بە پیی بوچوونی مەزهەبی بە تایبەت لە وولاتانی روژهەلات دا، رەقسی نوی، رەقسی دیسکو، بی ئەخلاقی و فە سادە. گویا ئە م رە قسە لاوە کان هە لدە خلە تینی و شە رم و شکویان لی دە بری." هە مان سە رچاوە.
بە م شیوە کاکە وا دە نوینی کە بوچوونی مە زهە بی _ لیرە دا ئیسلامی _ هوگری رە قسی بە کومە لە و تە نیا رە قسی بە کومە ل (تازە ئە گە ر مە لای وولاتی هە لپە رینی بە کومە ل بزانن دیسکو چییە) بە بی ئە خلاقی د ە زانی. هە لپە رین خوی یە کیک لە و دیاردانە یە لە کوردستان کە ئە گە ر مە یدانیکی ئاشکرا بو دژایە تی و تیکوشان لە دژی مە زهە ب نە بووبی، لانی کە م شوینیک بووە کە لە وی دا مە زهە ب پاشە کشە ی پی کراوە. هە لپە رین _ بە کومە ل و بی کومە لە کە ی _ لە دژی مە زهە بە و کاکە بە داخە وە لە ئاست هە لپە رینی کوردی حوکمە دژی مە زهە بیە کە ی کول و نەبرە.
پرسیار ئەوەیە کە ئایا بە راستی هەلپەرینی کوردی بەو شیوە کە کاکە تەسویری دەکا دزیو و مەنفی‌یە ئایا هەلپەرینی کوردی مارە و لە لاقت دەئالی و ریگەی دەرەتانت لی دەبری؟ ئایا ریزی هەلپەرکیی کوردی ئەو شیتخانە یە کە وە ک کاکە دە لی بنیادە مە کانی هە لدە بە زن، دادە بە زن، دە قیژینن و جە زم دە بن؟
بە بروای من نا! لە وولاتیک کە دیوە زمە ی رە شی مە زهە ب و خە فە قان دە سە لاتی بە دە ستە وە یە، لە وولاتیک کە شادی قەدەغەیە و پیکەنین تاوانە، لە وولاتیک کە مافی مروڤ خولیایە کی دوورە د ە ستە و دە نگی ئازادی پشووبر دە کری، هە لپە رین _ جا گریمان بە کومە ل بی _ یە کیک لە و دیاردە پیروزانە یە کە نە مردنی شادی و پیکە نین بە لمبوزی پاریزە رانی شە و دا دە داتە وە. هە لپە رین حوزووری ئە و لە حزانە یە کە خە م دە نیژری. بی ئە رزش کردنی ئە م شکلە لە شادی ریگە کردنە وە یە بو شە پولی ئە و ئازارانە کە لانی کە م لە کاتی هە لپەرین دا ژانە کە یان وە ها گورچک بر هە ست پی ناکری.
کەسایەتی تاکە کەس لە هەلپەرینی بە کومەل دا وەک کاکە دەلی بی مەعنا نییە. ئە م شکلە لە هە لپە رین لە قە راردادیکی نە نووسراو دە چی کە بە شدارانی ریزە کە ی بە شیوە یە کی ئازادانە ژیرە کە یان ئیمزا کردووە. ئە وسا هە موو بە یە کە وە هە ر کە س بە ش بە حالی خوی هارمونییە ک دە دە ن بە هە لپە رینە کە، کە بو من سە مای دە شتیک لە گولی

ره نگاوره نگ به ده م شنه ی به هارانه وه زیندوو ده کاته وه. ئه م هارمونییه وه ختیک تیک ده چی و له به ر چاوی بینه ر هه لپه رینی به کومه ل دزیو ده کا، که ناشاره زایه کی وه ک کاکه له و ریزه دا حوزووری بی و به حیسابی ئازادی تاکه که س ئازادی کومه له که وه ربگریته وه.

له ریزی هه لپه رینی به کومه ل دا که س ده سه لاتداری ئه سلی نییه سه رچوپی گرتن ملکی هیچ که س نییه و هه موو که س _ تـه نانه ت کاکه ش له به ر ئه وه ی نه پیشی _ ده توانی بچی و ئه و مقامه به ده ست بینی. له ریزی هه لپه رینی به کومه ل دا هیچ که س بیگانه نییه، ناکوکی و نیوان ناخوشی له بیر ده چنه وه و بنیاده مه کان د ه ستی یه ک ده گرن. له و ریزه‌دا که‌س ئاغای که‌س نییه. له هه‌لپه‌رینی به کومه‌لدا ژن ئیمتیازیکی تایبه تی هه یه که خوی هه لده بژیری له ده ستی کی دا و له کویی ریزه که دا هه لپه ری.

" هه لپه رکیی سوننه تی ریگه ی ئه وه ت پی نادا که وه ک مه ل بال بگری و به مه یلی خوت ته قله لیده ی، به رز بفری، تیژ ببیه وه خوار، راست و چه پ بکه ی و خوت به ته واوی وجووده وه بده یه ده ست مه لی ئازادی خه یال."

هه‌مان سه‌رچاوه. ئه‌م چاوه‌روانییه رومانتیکه و به هه‌مان ئه‌ندازه‌ش عیرفانییه له ره قس، به هیچ جوریک له گه ل ئالترناتیوه که ی کاکه _ ره قسی دیسکو _ ناخوینیته وه. من لیره دا مه به ستم دژایه‌تی له گه ل ره قسی دیسکو نییه. هه ر وه ک پیشتر باسم کردووه بو من هه ر جوره ره قسیک که شادی ببه خشی و دلی ئه و که سه که به شداری تیدا ده کا بگه شینیته وه، پیروزه و ریزم بوی هه یه. به لام ئه گه ر که سیک بو هه لفراندنی مه لی خه یال و ته قله لیدانی ئه و مه له نیازی چوونه دیسکوی هه‌یه، خاتر جه‌م بی که به هه‌له چووه. له ره‌قسی دیسکو دا بالی هیچ مه‌لی خه‌یالیک به رگه ی ئه و قیژه و هه لبه زین و دابه زین و ئاره ق رشتنه ی _ که کاکه به هه له وه پال هه لپه رکیی سوننه تی کوردی داوه _ ناگری.

له سه ر مه زهه ب قسه کرا بویه پیم باشه لیره دا ئیشاره یه ک به ئه و رووحه مه زهه بیه بکه م که موسیقا له وولاتانی روژئاوا به سه‌ر کومه‌لی دا سه‌پاندووه. به‌شی هه‌ره زوری ئه‌و موسیقا ره‌سمیه‌ی که ئیمه هه موو روژی له شه به که تلویزیونیه‌کانه‌وه ده‌یبینین، بووه‌ته گوردانیک له‌و له‌شکری ته‌وه‌حوش و ئینسان له خو بیگانه کردنه‌ی، که ده سه لاتدارانی دنیای ئه مرو به گژ ئینسانییه تیان داکردووه. شک له وه دانییه که ده کری له‌و نیوه دا گولبژیریک ده ست نیشان بکه‌ی که هیشتا به رووحی موسیقا و ئازادی‌خوازی ئینسانی وه‌فاداره. هیچ شیخیکی وولاتی هه‌لپه‌رکیی سوننه‌تی به قه‌د گورانی بیژیکی پاپ ده‌رویشی پی کو ناکریته‌وه. ئه‌و به‌شه له موسیقا که من مه به ستمه و به داخه‌وه به‌شی زوری موسیقای ئه‌م ده‌وره‌یه ده‌گریته خو، شکلیک له مه‌زهه‌بی هیناوه‌ته ئاراوه، که جاری وایه مریده کانی له گه وره ترین مه یدانه فوتباله کانی ئوروپا جیگه یان نابیته وه و جه زم بوونه که شیان گه لیک له جه زم بوونی ده رویشه کانی ته کیه ی خانه قا به تین تره. ده رویشه کانی ئه م مه زهه به له ئاگری جه‌هه ننه م و گوره وشاری دوای مردن ناترسیندرین، به لکوو دوزه خی ئه م دنیایه یان _ که ژیانی میلیارد بنیاده م خه ریکه تیی دا هه لده قرچی _ له به ر چاو گوم ده کری. له وولاتی هه لپه رکیی سوننه تی ده رویش چه ندین فه رسه خ به پییان ده روی هه تا ده‌ستی مودفه رکی شیخی به سه‌ردا بهیندری. له ته‌مه‌ددونی روژئاوا دا، له مه‌یدانیکی به‌رین دا پاله په ستو و شه ره ده رویشه هه تا ده ستی موباره‌کی "شیخ" ئیمزایه‌ک بنیته نیو ده‌فته‌ری بن باخه‌لیان. له‌م پاله په‌ستو و ئانیشک له یه‌ک کوتانه دا زور ده‌رویش ده‌که‌ونه حاله‌تی خه‌لسه و ده‌بی له سه‌ر ده‌ستان ره‌وانه‌ی ده‌ره‌وه بکرین هه تا هه وایه کی تازه هه لمژن و ببووژینه‌وه.

له سه‌ر نووسراوه‌که‌ی کاکه ده‌کری زور زیاتر بنووسری، به‌لام من لیره دا قسه‌کانی خوم ئاوا ته واو ده که م: هه تا ده‌نگ بر ده‌کا دژ به ناسیونالیسم و مه‌زهه‌بم به‌لام بو دژایه‌تی له گه‌ل ئه‌و دوو ملوزمه هیچ وه‌خت دلم نایه یه کیک له جوانترین ره سمه کانی ئه و وولاته _ هه لپه رین _ وه به ر خه نجه ر بده م.

***

# کونسرواتیزم و هەلپەرکیی سوننەتی کوردی

سلیمان قاسمیانی (کاکە)

دوای بلاوبوونە وە ی هانا ی ژمارە ٣، شانتاژ و ئاژیتاسیونیکی زور لە لایە ن سوننە ت پە رستەکان دژی نووسراوە کە ی من و لە سە ر هە لپە رکیی سوننە تی کوردی دە س پیکرا. جە ماعە تیک بی ئە وە ی نووسراوە کە یان خویندبیتە وە، بە پە یرە وی لە شیخ و ئیمامە کانیان؛ کردیانە هە را و هوریای «... ئای بگە نی کوردستانیان فە وتاند...!»؛ توندتر و توندتر لە دە هولی ئیهانە ت و درویان دا و لە تووزلە ی بوختانیان توورواند کە «کاکە» تە وهین بە سە ماکارانی هە لپە رکیی سوننە تی کوردی دە کا و شادی و خوشی بە خە لکی لە شادی بی بە شی کوردستان رە وا نابینی. هە ندی کە س جنیونامە ی شە خسی یان بو ناردم کە لە بی حورمە تی و زمان شری دا رووی شیخ رە زایان سپی کردووە تە وە. خوشبە ختانە «هانا» دە رگا لە شیخ رەزا ناکاتەوە و (بەدبەختانە بو زمانشرەکان!) لاپەرەکانی بە بی حورمەتی کردن بە ئینسانە کان رە ش ناکاتە وە.

بە دل هیوادار بووم کە کە سیک بیت و لە سە ر ناوە روکی باسە کە م بە رە د یا بە ئیسبات قسە بکات تا باسە کە زیاتر بکریتە وە و لە لایە نی جوراوجورە وە شی بکریتە وە. کاتیک نووسراوە کە ی «ئە حمە د بازگر» م بە دە ست گە یشت، بە هیوا بووم کە بازگر لایە نی تری ئە م دیاردە یە ی گرت بیتە بە ر چاو و کومە کی کردبی بە روون کردە وە ی زیاتری باسە کە. بە لام کە نووسراوە کە م خویندە وە، سە رم سورما. لام وابوو کە دوستایە تی و ئاشنایی لە میژینە ی من و بازگر ئە وە ندە ی مایە هە بی کە لە کاتی هاونە زە ر نە بوون و باس و مجادلە دا، لانی کە م پە ردە ی ریز و حورمەتی شە خسی نە درینیت. بە لام وا دیارە «خە یالم خاو بوو» و ئە و چاوە روانی یە زور زیادە بوو!

یە ک لاپە رە ی تە واو بە حیکایە تی دوکتوری دروزن پر کراوە تە وە بو ئە وە ی «بازگر» لە خوینە ر حالی بکا کە «کاکە » واتە نووسە ری ووتارە کە، بلقاسمە و «مە لای تیگە یشتووی ئاوایی» نیە. بازگر یان ناویری رووراست و بی پە ردە قسە ی دلی بکا، یان پیی وایە کە خوینە ر و مخاتە بە کانی ئە وە ندە گیل و حولن کە لە قسە ی راست و رە وان حالی نابن و دە بی بە حیکایە تی دور و دریژی منال خە رفین قسە یە کیان تی بگە یینی. دە نا زیاتر لە یە ک لاپە رە ی بە حیکایە تی دوکتوری دروزن پر نەدەکردەوە بو ئەوەی بلی «کاکە» لە هیچ ناگا، بیسەوادە، ئیددیعای بیخود دەکا و دروزنە! لە وانە یە «بازگر» دوای خویندنە وە ی ئە م دیرانە، پە شیمان بیتە وە و ئیددیعا بکا کە مە نزوری وا نە بووە. بە لام بە داخە وە حیکایە تە کە ی بازگر ئە وە ندە زە قە کە ریگا بو پە شیمان بوونە وە ناهیلیتە وە.

من نالیم «بازگر» تیناگا یا دوکتوری راست و ناراستە. تەنانەت وەک «مەلای زانای ئاواییشم قەبوولە»، بەلام مەجبوورم بلیم کە بازگر نەیتوانیوە خو لە خالە سەرەکیەکانی باسەکەی من بدات، نە بە ئیسپات و نە بە رە د کردنەوە! ئەسلەن دەلیی بازگر ئەو خالانەی هەر نەدیون. من دلم نایە بلیم بازگر دیتوویە تی و لیی حالی نە بووە، چون من بازگر بە ناحالی نازانم. دە بی یا نە ی دیتبن، یا بازی دابیتە ئە و بە ری جوگە؛ ئە و جیگایە ی کە ئە م باسە خوشە ویست نیە و دە تە زینی.

بو هە رچی زیاتر روون بوونە وە ی ئیختلافی نە زە ری خوم و بازگر بە پیویستی دە زانم بە کورتی خالە سە رە کی یە کانی باسە کە ی خوم واتە «هە لپە رکیی سوونە تی کوردی و ئازادی تاکە ئینسان » جاریکی تر بخە مە روو.

١ـ هە لپە رکی دیاردە یە کی فە رهە نگی یە. هە ر دیاردە یە کی فە رهە نگی موری چینیکی کومە لایەتی پیوە یە.

٢ـ هەر دیاردەیەکی کومەلایەتی، میژوویەکی هەیە و ئاسەواری ئال و گورەکانی میژوو و سەردەمە

کومه لایه تیه کانی پیوه دیاره.

٣_ ئال و گوره کومه لایه تی و ئابووری یه کان، له گه ل خویان گورانکاری له مه یدانی هونه ر و فەرهه نگی کومه لیش دا پیک دینن.

٤_ هه لپه رکیی به کومه ل (چ له کوردستان، یونان، وولاتانی عه ره ب یا هه ر شوینیکی ترا) هه لپه رکیی ئه و سه رده مه له ژیانی کومه لگای ئینسانی یه که «ئینسانی تاک» وه ک دیارد ه یه کی ئابووری، کومه لایه تی و به و مه عنایه قضایی و حقووقی، وجوودی نه بووه.

٥_ له گه ل سه رهه لدانی بورژوازی، «ئینسانی تاک»، ئازادی و مافه کانی ئینسانی تاک یش، دینه دنیا. ئه م ئال و گوره میژوویی یه، له مەیدانی فەرهەنگ و هونەر به گشتی و له هەلپەرکی ش دا به تایبه تی، خوی پیشان ده دا. هه لپه رکیی نوی، هه لپه رکیی تاکه ئینسانی ئازاد، هه لپه رکیی ئینسانی ده وره ی سه قامگیر بوونی سه رمایه یه.

٦_ ناسیونالیسم وەک جوولانەوەیەکی کومەلایەتی، پیشی گرتووه به گەشه کردنی هه لپه رکیی نوی له کوردستان. ناسیونالیسم ئه مرو له کوتایی سه ده ی بیسته م دا به ته واوی جوولانه وه یه کی کونه په رسته. شەر و کیشه ی ناسیونالیسمی ئه مرو (به پیچه وانه ی ناسیونالیسم له سه رده می سه رهه لدانی بورژوازی له سه ده کانی رابردوودا) نه ک له گه ل ده ربه گی «خومالی» و سیستم و دام و دەزگا و فەرهەنگی دەرەبەگایەتی «خومالی»، بەلکوو له گەل ناسیونالیسته داگیرکەرەکانی نەتەوەیەکی تره. ئەمه دەبیته هوی ئەوەی که ناسیونالیسمی ئه مرو شه له م شورباویکی به ته واوی کونه په رستانه له باری سیاسی و فه رهه نگی یه وه بی و هه رچی کون و عه تیقه یه و بوگه ن و بوکرووی چاخه کانی به ر له میژووشی لی دی، بکا به ئالا و ناسنامه ی میللی و نه ته وه یی.

٧_ بوچوونی ئایینی و(هه مدیسان ناسیونالیستی) کوسپیکن له سه ر ریگای په ره سه ندنی هه لپه رکیی نوی له گشت دنیا (هه ر وه ها له کوردستان).

٨_ هه لپه رکیی نوی پیویستی به ئاهه نگی نوی هه یه. ئه مه ئیتر یه خه ی گورانی بیژ و موسیقا کارانی کوردستانیش ده گری.

ئه وانه خاله سه ره کیه کانی باسه که ی من له هانای ژماره «٣» دا بوون. باسه کەی من ده کری زور شتی وردی تریشی تیدا بیت که بو قسه له سه ر کردن ببیت؛ به لام ئه گه ر که سیک بیهه وی ئه م باسه بداته به ر تیشکی ره خنه، ته بیعی یه که چاوه روانی ئه وه ت لی بیت که له خاله سه ره کیه کان، له وه ی که ناوئاخنی باسه که ن، چاو نه پوشی. ره خنه ی بازگر دروست به پیچەوانەیه و به داخەوه به هیچ جوریک خوی لەم خالانه نەداوە. ئەوەی که من و بازگر بیر و رای جوراوجورمان هه بی، شتیکی سه یر نیه؛ به لام ته وهین کردن، به که م دانان، خو به زل زانین و نه زان حیساب کردنی خەلک کاریکی دزیو و ناشیرینه و له ئینسانیکی متمدن ناوەشیتەوە. به داخەوه سه ر تا پای نووسراوه که ی بازگر به رووحیکی نادوستانه و ئیهانەتەوه دارژاوە. من نه دەتوانم و نه حەز دەکەم به شیوه ی بازگر جوابی پلار و تانه و توانجه کانی بده مه وه. به بروای من باسه سه ره کیه که ی من گرینگ تر له جواب دانه وه به «پلاره کویره کانی» بازگره. هه ر بویه ش حازر نیم به شیوه ی بازگر، مامەله لەگەل بازگر بکەم! ئیستاش بیین و له نزیکەوه چاویک به سەر نووسراوه که ی بازگردا بخشینین:

## بازگر و ئەمانەتداریی

«...کاکه له تەجرەبەیەکی شەخسی خویەوه دەست پیده کا، که ریزی هەلپەرکیی کوردی خەریکه دەپپلیشینی، قامکیک له چاوی میژوو رو ده کا... وه سفیکی ناشاره زایانه و یه ک لایه نه له هه لپه رینی کوردی، سه رچوپی گیر و باقی بنیاده مه کانی ریزی هه لپه رکی ده کا، هه لپه رینی کوردی ده کا به ماریک _ که ئەلبه ت ئه وه ی کاکه ده یلی ده بی

هه ژدیها بی ــ که ریگه ی ده ره تانت لی ده بری، سه ره نجام ره قسی دیسکو ده کا به ئالترناتیوی هه لپه رینی کوردی و له کوتاییش دا ژماره یه ک له ناودارانی موسیقا و گورانی جیهان نیودیر ده کا...» (بازگر)

ئه وه به بروای بازگر کورته یه که له و شته ی که گوایه «کاکه» به نیوی هه لپه رکیی سوننه تی کوردی ده یه وی بیلی. ئه وه ی بازگر خه ریکه به نیوی من کورته یه کی لی ده گیریته وه، پیی نالین «گیرانه وه ی قسه ی که سیک» به لکوو گالته پی کردن به قسه ی خه لکه. پلار و توانجه و پیی نالین ئه مانه ت داری! هه لبه ت ئه وه شتیک نیه که بازگر لیی حالی نه بووبی و هه ر وا له ده ستی ده رچووبی. (بریا وا بووایه!) باسه که ی من له راستی دا خالیکی وا پیکاوه که پیی ده لین «کونسرواتیزم» و به داخه وه «بازگر» ــ لانی که م له م باره وه ــ وه خوی گرتووه.

بازگر ده لی:

«کاکه له ته جره به یه کی شه خسی خوی یه وه ده س پیده کا، که ریزی هه لپه رکیی کوردی خه ریکه ده یپلیشینی... وه سفیکی ناشاره زایانه و یه ک لایه نه له هه لپه رینی کوردی... ده کا...»

ئه وه یه عنی چی ؟! دوو مه عنای هه یه: یه که م؛ به بروای بازگر بو ئه وه ی که سیک بتوانی له سه ر هه لپه رکی بنووسی، ده بی حه تمه ن خوای هه لپه رکی بی، (که «کاکه» به بروای بازگر لیی نازانی و ناشاره زایه!). دووهه م؛ لیکوله ره وه نابی له ته جره به و ئیحساسی شه خسی خوی یه وه ده ست پی بکا. بو چی؟! حه تمه ن له به ر ئه وه ی که لیکوله ره وه ده بی بی لایه ن بوونی سه باره ت به و مه وزووعه ی که لیی ده کولیته وه، رابگری! سه ردیری باسه که ی من «هه لپه رکیی سوننه تی کوردی و ئازادی تاکه ئینسانه»؛ واته قه راره پیشان بدری که له م هه لپه رکی یه دا، تاکه ئینسان نه «که س» بوونی دیاره و نه ئازادی یه که ی. نووسه ریش خوی یه کیک له و تاکه که سانه یه که «که سایه تی»یه که ی له م هه لپه رکی سوننه تی یه دا ده خریته ژیر پی. هیچ وه سفیکی وه ستایانه و هونه رمه ندانه ناتوانی ئه م راستیه بشاریته وه که هه لپه رکیی سوننه تی کوردی (یان یونانی، تورکی، فارسی، عه ره بی، ئافریقایی... هتد) جیاوازی سه ره کی له گه ل ره قسی نوی و تاکه که سی هه یه و جیاوازیه که ش له وه دایه که تاکه که س ناتوانی وه کوو تاکه که س به شداری هه لپه رکیی به کومه ل و سوننه تی بکات. ئه م راستیه تا ئیره نه به مه عنای دیفاع کردنه له هه لپه رکیی تاکه که سی و نه به گژ داچوونه وه ی هه لپه رکیی سوننه تی؛ به لکوو ته نیا فاکته، نه زیاتر و نه که متر!

خوم پیم وایه بازگر زیاتر حاله تی یه که می مه نزووره، واته «کاکه» هه لپه رکیی کوردی نازانی و ناشاره زایه و هه ر بویه ش له نه زانی خوی یه وه هه لپه رکیی سوننه تی کوردی داوه ته به ر ره خنه! من بازگر به پسپوری هه لپه رکیی سوننه تی کوردی نازانم، هه ر بویه ش بایه خیکی ئه وتو بو ئیددیعایه که ی سه باره ت به لی زانین و لی نه زانینی خوم له و باره وه دانانیم. هویه که شی ئه وه یه که من له سه ر هه لپه رکی وه کوو تخصص قسه ناکه م. باس نه ک له سه ر هه لپه رکیی تخصصی که گوایه ته نیا بازگره کان لیی ده زانن، به لکوو له سه ر هه لپه رکیی ئاسایی یه که ئینسان له مندالی یه وه فیری ده بی و پیویستی به وه نیه بچی بو مه کته بی تایبه تی هه لپه رکیی!

## کی به روک داده دری؟!

«... مه به ستم ئه وه نیه که دیفاع بکه م له هه لپه رینی کوردی و به گژ ره قسی دیسکو دا بچمه وه. به بروای من هیچ کام له و ره قسانه نه بو مه حکووم کردن ده بن و نه بو ئه وه ده بن به روکیان بو دادرم. هیچیان ئاغای ئه وی تریان نییه. هه ردووکیان بو من وه ک یه ک بایه خیان هه یه و خوم له هیچ کامیان به بیگانه نازانم. هه ر دووکیان له نه زه ر منه وه نیشانه ی شادی و خه م به با کردنن. هه ر دووکیان ره قسن...» ــ بازگر ــ

ئیددیعای بازگر که به روک بو هیچ ره قسیک دانادری، ته نیا تا کوتایی ئه م پاراگرافه بر ده کا! بازگر شیر و ریوی و شیخ و مه لا و ده رویشی هه موو کوردستان تیک ده کاته وه بو ئه وه ی ئیسبات بکات که ره قسی تاکه که سی (که بازگر ته نیا به دیسکو نیوی دینی) دزیو و هیچ و پووچ و دژی ئینسانی یه و هه لپه رکیی سوننه تی کوردی دروست به

پیچه وانه، دژی مه زهه ب، شورشگیر، ئازاد، پیشکه ش که ری «مافی تایبه تی بو ژن» و له جوانترین ره سمه کانی وولاته! ته واوی نووسراوه ی بازگر به پیچه وانه ی ئیدیعاکه ی سه ره وه، به روک داده ری بو هه لپه رکیی سوننه تی و دژایه تی ده کا له گه ل ره قس و موسیقای نوی!

بازگر ده لی که ئه م دوو ره قسانه هیچیان بو مه حکووم کردن نابن و له به شی کوتایی نووسراو که ی‌دا ده لی:

«... هه ر جوره ره قسیک که شادی ببه خشی و دلی ئه و که سه که به شداری تیدا ده کا بگه شینیته وه، پیروزه و ریزم بوی هه یه...».

ئایا به راستی ره‌قس هه‌ر ره‌قسه و هیچ ته‌فاوه‌تیک له به‌ینی ره‌قسی جوراوجور‌دا نیه؟! بازگر له دیفاع له هه‌لپه‌رکیی سوننه‌تی کوردی‌دا وه‌ها ئاگری گرتووه، که نازانی ئه‌م حوکمه‌ی له سه ره وه داویه تی، کونه په رستانه و دواکه‌وتوانه‌یه. ره‌قس هه‌ر ره‌قس نیه و فه‌رق هه‌یه له به‌ینی ره‌قسه جوراوجوره کان دا. زور ره قس هه یه که شادی ده‌به‌خشی به سه‌ماکار یا ئه‌و که‌سانه‌ی که سه‌یری ره‌قسه‌که ده‌که‌ن، به‌لام به ته‌واوی کونه په‌رستانه و دژی ئینسانین. بازگر مافی خویه تی زکر و جه زمی ده رویشه کانی کورد یا غه یری کورد به ره قس بزانی یا نه زانی، به لام زکری ده‌رویش ره‌قسی ئایینی‌یه و تا خوا حه‌ز بکا ده‌رویشه‌کان له‌ززه‌تی لی ده‌بن و ئه وه نده پیی شاد ده بن که جه زم ده بن! من ئه و ره قسه به کونه په رستانه و دژ به زاتی ئینسان ده زانم. «ره قسی ورگ» ی عه ره بیش ره قسه و ژنی سه ماکه ر له و دا ده بیته پارچه یه ک سیکس بو بینه ران؛ هه م ره قاس و هه م بینه‌ره تایبه تیه کانی ئه م ره قسه ش، له ره قسه که له ززه ت ده به ن و «خه میان ده ره وینن»! به لام ئه م ره قسه ش به بروا ی من کونه په رستانه، دژی ئینسانی و به تایبه ت دژ به ژنه! ره قسی ئایینی قه ومه به ده ویه کانی ئافریقایی و ئاسیا بو ره تاندنی رووح و شه یتان و هتد... ره‌قسه، به‌لام له گه‌ل زاتی ئینسانی کوتایی سه‌ده‌ی بیسته‌م نایه‌ته‌وه و ریز لی گرتنی به نیوی ئه‌وه‌ی «شادی ده‌به‌خشی»، له کونه‌په‌رست بوونی که‌م ناکاته‌وه! ئه‌م باسه‌ی بازگر چ خوی بیهه وی و چ نه یهه وی، برازای باسی کونه‌په‌رستانه‌ی ........ Clutur relativism «نیسبی بوونی کولتوور» که ئیدیعا ده کا هه موو کولتووره کانی دنیا وه کوو یه ک به نرخن و به یه کسان ریز بو کولتووری کونه په رستانه و مودیرن داده نی.

دنیا گوراوه و به داخه وه وا دیاره بازگریش له زویک له و شتانه ی که تا دوینی ئه لف و بی ی جیهان بینی یه که ی بوون، پاشگه‌ز بووه‌ته‌وه! وادیاره ئه‌مرو ئیتر بازگر باوه‌ری به‌وه نیه که شادی و شادبوون چینایه تی یه و شتیک که مایه ی شادی بو چینیکه، له وانه یه ئیهانه ت و بی حورمه تی بی بو چینه که ی تر! وا ده رده که وی که بازگر باوه ری به وه نه ماوه که هه ر دیارده یه ک له م دنیایه دا میژوویه کی هه یه و له رووانگه ی میژووی په یدا بوون و ته‌کامول و دوور و نزیکی له پیداویستیه کانی ئینسان له هه ر سه رده میک دا هه لده سه نگینریت. بوچی ئیستا که باس له سه ر هه لپه رکیی سوننه تی کوردی یه، له ناکاو ئه و هه لپه رکی یه ده بیته شتیکی ئه وه نده پیروز که نابی هه ر قسه ی له سه ر بکری و له گول کالتر پیی بووتری؟! چونه که هه لپه رکیی کوردی له ناکاو ده بیته شتیکی تایبه ت به خو و میژوو هه لنه گر؟!

کاتیک من ئیدیعایه که ی بازگر که کاکه «...قامکیک له چاوی میژوو روده کا و سیخورمیک له ره وابیتی عه شیره تی ده‌کوتی...» ده‌خوینمه‌وه، چاوه‌روانی ئه‌وه ده‌که‌م که بازگر بیت و له نووسراو ه که ی دا لانی که م قامکه که له چاوی میژوو بینیته وه ده ر و له جیاتی سیخورمیک، شه قیک له ره وابیتی عه شیره یی بدا! به لام ئه م چاوه روانی یه بیهووده یه، چون بازگر هه‌ر به ته‌واوی چاوی میژوو هه‌لده‌کولی و کویری ده‌کات و به تقدیسی هه‌لپه‌رکیی سوننه‌تی کوردی ده ستیکی لاواندنه وه ش به سه ر ره وابیتی عه شیره یی دا دینی.

## هه‌لپه‌رکیی به کومه‌ل و ئازادی تاکه‌که‌س

ووتم که بازگر خوی له خاله سه ره کیه کانی باسه که ی من نه داوه. به شی هه ره گرینگی باسه که ی من له سه ر ئازادی تاکه‌که‌س و هه‌لپه‌رکیی به کومه‌ل بوو. من ووتومه و ده‌لیم که هه‌لپه‌رکیی به کومه‌ل (جا فه‌رق ناکا کوردی،

ئامریکایی، یوونانی... هتد) به پیی زاتی تایبه تی خوی ریگه به تاکه که سه کان نادا که ئازاد و به مه یلی خویان له گه ل ریتمی ئاهه نگی هه لپه رکی یه که سه ما بکه ن. ئه مه نه کفره، نه که شفه و نه قسه یه کی سه یر. هه لپه رکیی به کومه ل یه عنی ئه وه ی که سه ماکاره کان ده بی هه موویان له یه ک ریتم په یره وی بکه ن و به شیوه یه کی دیاری کراو بین و بچن. ئه گه ر به شدارانی هه لپه رکی یه که به گشتی ئئه و کاره نه که ن و هه ر که سه به مه یلی خوی گیانی له گه ل ریتمی ئاهه نگه که بخاته سه ما، هه لپه رکی که ده شیوی. مه سه له که زور ئاسایی یه؛ ئه و تاکه که سانه که ده یانه وی بچنه ناو ریزی هه لپه رکیی به کومه ل، ئیتر له نیو ریزی هه لپه رکی یه که دا ده بنه یه ک؛ ده بی ببن به یه ک؛ ده نا هه لپه رکی سه ر ناگری! ئیتر ئه وه «قه راردادی نووسراو و نه نووسراو»ی ناوی. ئایا ئه وه خوی له خوی دا «عه یبه»؟! ته بیعی یه که نا! که سیک که بیهه وی هه لپه رکیی به کومه ل بکا، مه جبووره ئه و شه رایه ته قه بوول بکا و له بیری نه چی که له وی دا ناتوانی به هه وای تاکه که سی هه لپه ری!

بازگر ئه م راستی یه ئینکار ده کا و سه ر له خوی و له خوینه ر ده شیوینی. بازگر ده لی:

«که سایه تی تاکه که س له هه لپه رینی به کومه ل دا وه ک کاکه ده لی بی مه عنا نیه. ئه م شکله له هه لپه رین له قه راردادیکی نه نووسراو ده چی که به شدارانی ریزه که ی به شیوه یه کی ئازادانه ژیره که یان ئیمزا کردووه . ئه وسا هه موو به یه که وه هه ر که س به ش به حالی خوی هارمونییه ک ده ده ن به هه لپه رینه که ...»

ئه گه ر که سیک له ته عبیری ئازادی دا تا ئیستا شکی بووه، زه حمه ت بکیشی و ئه م قسه ژیرانه ی بازگر جاریکی تر بخوینیته وه تا به یه کجاری موشکیله ی شی کردنه وه ی ئازادی و که سایه تی تاکه که سی بو حه ل ببی! باشه ئه گه ر که سیک ژیر ئه م قه رارداده ئیمزا نه کا، چی به سه ر دی؟! هیچ، له هه لپه رکی بی به ش ده بی! ئازادی له وه باشتر هه رگیزاو هه رگیز هه ر نه بووه ! واته تو ئازادی بی قه ید و شه رتت هه یه که له هه لپه رکیی به کومه ل دا به شداری بکه ی؛ به و شه رته ی که به ئازادی هه لنه په ری؛ واته به پیی «قه راردادی نه نووسراو» ی هه لپه رکی یه که بجوولییه وه! به زمانی ساده یه عنی ئازادی توی تاکه که س ته نیا له وه دایه که هه لپه ری یا نا! ئه گه ر ویستت هه لپه ری ئیتر ئازاد نیت به مه یلی خوت هه لپه ری، به لکوو ده بی به مه یلی هه لپه رکی یه که هه لپه ری! که چوویه ناو ریزی هه لپه رکی شه وه بته وی و نه ته وی له هه ر دوو ته نیشته وه ده که ویه نیو ده ستی دوو که س که یه کیکیان مومکینه بازگر بی!

ئه وه ی که هارموونی به هه لپه رکیی به کومه ل ده به خشی نه ک «... تاکه که سه کان هه ر یه ک به ش به حالی خوی...» ـ که بازگر ئیددیعا ده کا ـ به لکوو قه رارداد و قاعیده و ئاهه نگی هه لپه رکی که یه! تاکه که سه کانی هه لپه رکیی سوننه تی کوردیش یا نابی هه لپه رن، یان که هه لده په رن ده بی له ریتم و ئاهه نگ و قه واعیدی هه لپه رکی که په یره وی بکه ن. ئیتر نه رومانتیک کردن و نه وه سفی ریزی هه لپه رکی به «سه مای ده شتیک گولی ره نگاوره نگ به ده م شنه ی به هارانه وه » ـ بازگر ـ هیچ کامیان ناتوانن حاشا له و راستیه ی سه ره وه بکه ن. ئیتر ئه گه ر تاکه که سیک، جا چ «کاکه ی ناشاره زا» بی ـ به قه ولی بازگر ـ و چ خوای یوونانی هه لپه رکی بیت و به هه وای تاکه که سی له هه لپه رکیی به کومه ل دا بجوولیته وه، هارموونی هه لپه رکی یه که تیک ده چی.

ئایا ئه م قسه یه هیچ شتیکی ناشیرینی تیدایه؟ ئایا ئه م قسه یه هه لپه رکیی به کومه ل دزیو ده کا؟! ئه گه ر هه لپه رکیی به کومه ل خوی دزیو نه بی، بازگر دلنیابی، که به م قسه یه دزیو نابی؛ چون ئه م قسه یه له دووپات کردنه وه ی راستیه ک سه باره ت به چونیه تی هه لپه رکیی سوننه تی کوردی زیاتر نیه.

ئه گه ر له ئینسانیکی ئایینی بپرسی: «خوا چون ده توانی هه م (لامکان) بی و هه م له هه موو شوینیک وجوودی بی؟» نابی پیت سه یر بی ئه گه ر له جواب دا ده س به جی بلی:« استغفرالله، کفر مه که»؛ هه ر چه ند خوات ره د نه کردبیته وه و ته نیا ئه و پرسیاره ئاسایی یه ت خستبیته به ر ده م. شیوه ی باس کردنی بازگر له سه ر هه لپه رکیی سوننه تی کوردی، به داخه وه زور له و بوچوونه دوور نیه.

مـن ووتـوومـه کـه هـه لپـه رکیی سوننـه تی کـوردی وه ک مـار پیچ ده خوا. بازگر ده لی «ئه وه‌ی که کاکه باسی ده کا نه ک مـار بـه لکوو ئـه ژدیهـایـه»! بـو؟ مـه نزووری بازگر لـه م ئاژیتاسیونه چیه؟! ئایا کفریکی زور گه وره یه که ریزی هه لپه رکیی سوننـه تی بـه مـار تـه شبیه کراوه ؟! تـه بیعی یـه کـه من شک لـه شاره زایی بازگر بـه سـه ر زمـانی کوردی (بـه تایبـه ت زمـانی کـونی کـوردی) و زمـانی سیمبولیک نـاکـه م. فـه رقی مـن و بازگر لـه وه دایـه کـه ئـه و ئیستاش ئـه و سیمبولا نـه ی قبوولن، بـه‌لام مـن نـا! بـه پیی فـه‌رهـه‌نگی سیمبولیکی حـاکم لـه کوردستان‌دا «مـار» دزیـوه، شـه‌یتانـه، نفرین‌کراو و غـه زه ب لی گیراوه. بـه لام مـن نـه مـار بـه دزیـو ده زانـم نـه بـه راز؛ نـه سـه گم پی گلاوه و نـه کوندم پی شوومـه. من خوم بـه ئینسانی سـه‌ده‌ی زانست و پیشکه‌وتوویی ده‌زانم و پیم وایـه لـه هـه‌مـوو شتیک‌دا، چ لـه زمان بـه گشتی دا و چـه لـه وه‌سف‌دا، لـه گـه‌ل فـه‌رهـه‌نگی ئینسانی ده‌وره‌کـانی پیشوو، ده‌بی فـه‌رقم هـه‌بی. وه‌سفیک کـه مـن لـه هـه‌لپـه‌رکیی سوننـه تی کوردیم کردووه کـه «وه ک ماریک پیچ ده خوا» هـه ر عـه ینی پیچ خواردنـه کـه بووه، نـه کـه متر و نـه زیاتر. ئـه وه ی کـه بازگر تـه حـه مولی ئـه و پیچـه ی نیه و لیی ده بیتـه ئـه ژدیها، موشکیلـه ی ئـه وه نـه ک من!

## ئیمتیازی تایبه‌تی ژن له هه‌لپه‌رکیی سوننه‌تی‌دا

کـه شفیکی تـازه کـه بـازگر کردوویـه تی و «کاکـه ی ناشاره زا» تـا ئـه مرو رووحیشی لیی خـه بـه ردار نـه بووه، ئـه وه یـه کـه «ژن لـه هـه‌لپـه‌رکیی بـه کومـه‌ل دا» ــ واتـه هـه‌لپـه‌رکیی سوننـه‌تی کـوردی ــ «ئیمتیـازیکی تـایبـه‌تی هـه‌یـه» و ئـه‌ویش ئـه‌وه‌یـه کـه:

«ژن خوی هـه لده بژیری لـه ده ستی کی دا و لـه کویی ریزه کـه دا هـه لپـه ری» ــ بازگر ــ.

ئـه م کـه شفـه ئـه وه نده موهیممـه کـه ئـه گـه ر راست بوایـه، ده بوو خـه لاتی تایبـه تی کولتوری «نوبل» یان دامـه زراندبایـه و لـه لایـه ن ژنانی بی بـه ش و سـه رکوتکراوی کوردستانـه وه ، پیشکـه شی بازگریان کردبایـه! بازگر لیی گوراوه و خـه یالاتی بووه. ئـه‌گـه‌ر مـافـه سـه‌ره‌تاییـه‌کـانی ژنـان ئـه‌مرو لـه کـوردستان دابین بوایـه‌ن و ژن وه ک مافیکی سـه ره تایی ــ لـه قانوون دا نووسراو ــ مافی بی قـه یـد و شـه رتی هـه لبژاردنی هاوسـه ری ژینی خوی هـه بوایـه؛ ئـه و ده م ده کرا ئینسان لـه و ئیددیعایـه ی بازگر سـه بـاره ت بـه «ئیمتیـازی تایبـه تی ژن لـه هـه لپـه رکیی کوردی دا» نـه پرینگابایـه وه. بازگر کوردی باش ده زانی بـه لام ووشـه‌یـه‌ک هـه‌یـه کـه ئـه‌و بـه داخـه‌وه لـه بیری چووه‌تـه‌وه یـا پیی خوش بووه لـه بیر خوی بباتـه وه! ژن لـه هـه لپـه رکیی کـوردی دا بـه هـوی ئـه‌و «ئیمتیـازه تـایبـه‌تیـه»! کـه هـه‌یـه‌تی، پیی ده‌لین: «دو»! جـا ئیستـا چـون «دو» و «ئیمتیـازی تایبـه تی ژن لـه هـه لپـه رکیی کوردی دا» لـه گـه ل یـه ک دینـه وه ، «کاکـه» نازانی، مـه گـه ر ئـه وه ی بازگر ئـه و گری پووچکـه بکاتـه وه!

بـه لام ئـه گـه ر کـه سیک میژووی دیارده کـان بگریتـه بـه رچاو، ده توانی زور گری پووچکـه بکاتـه وه. هـه لپـه رکیی کوردی ئـه مرو لـه دایک نـه بووه و تـه مـه نی لانی کـه م بـه ئـه ندازه ی تـه مـه نی «دو» ده بی. ئـه و کاتـه ی کومـه‌لی پیاوسالار و خیلـه کی لـه کـوردستان خـه‌ریکی گاگولکـه و دواییش ده‌سـه‌لاتداری بـوو، نـه «کوکاکولا» هـه‌بوو نـه «فانتا» کـه لـه جیاتی «دو» بیخونـه وه! تـه بیعی یـه کـه «دو» تونیـه تی ده شکینی و لـه ززه ت بـه خشه! هـه ر بویـه ش نیزامی خیلـه کی پیاوسالار بـه و پـه ری فـه خره وه، نیوی «دو» ی خـه لاتی ژنی نیو ریزی هـه لپـه رکیی سوننـه تی کوردی کرد؛ هـه روه ک ئـه و «دو» یـه ی کـه قـه راره تونیـه‌تی پیاو بشکینی و لـه‌زه‌تی پی ببخـه‌شی! ئـه‌لبـه‌ت نابی لـه بیرمان بچی کـه پیاو نیویکی تایبـه تی بو دیاری نـه کراوه، هـه ر چـه ن تـه بیعی یـه کـه ژنیش توونیان بیت و لـه خورادنـه وه ی «دو» یا شتیکی فینک و خوشی تر لـه ززه ت ببـه ن! بـه لام چاوه روانی کردنی بیری یـه کسانی ده ر حـه ق بـه ژن لـه نیزامی پیاوسالاردا، بی جییـه.

بـازگـر زه‌حمـه‌ت بکیشی و ئـه‌گـه‌ر نـه لـه کـوردستـان، لیره لـه ئـوروپـای «ئـازاد»دا لـه سیلـه ی چاوه‌وه سـه‌یریکی ریزی هـه لپـه رکیی کوردی بکا تا بزانی چون لـه زوربـه ی هـه ره زوری مـه وارید دا ژن لـه سـه ریکی ریزه کـه کوده بنـه وه و پیاو لـه سـه ریکی دیکـه. تـه بیعـه تـه ن ئـه و شتـه هـوی جوراوجوری هـه یـه و من و نامـه وی لیره دا ئـه و باسـه بکـه مـه وه؛ بـه لام بـه شی

زوری مه سه له که، ره نگدانه وه ی فه رهه نگی حاکم له رابیته ی به ینی ژن و پیاو له کومه لی کورده واری دایه. جا ریزی هه لپه رکیی ئاوا به و جیایی یه وه که له به ینی ژن و پیاو دایه، ئه گه ر سه ماکاره کانی سه دان لیباسی ره نگاوره نگیشیان له به ر دابی، جوان نیه. ئه م جوره جیایی یه به هیچ جوریک ده شتی گولی ره نگاوره نگ نیه، به لکوو جودایی ئینسانه کان به هوی گیر و گرفتی کومه لایه تی و فه رهه نگی و ئه خلاقی نیشان ده ا و ناشیرینه.

ئه‌گه‌ر قسه‌که‌ی بازگر سه‌باره‌ت به ئیمتیازی تایبه‌تی ژن له هه‌لپه‌رکیی سوننه تی کوردی دا قه بوول بکه ین، ئه و کات مه‌عنای ئه‌وه‌یه که ژنان له هه‌لپه‌رکیی نوی، هه‌لپه‌رکیی تاکه‌که‌سی ئازاد و ره‌قسی دیسکودا مافی هه‌لبژاردنی ئه‌و پیاوه‌ی که ده‌یانه‌وی له گه‌لی هه‌لپه‌رن، نیانه. ئه‌مه ده‌توانی نادروست‌ترین ئیددیعای بازگر له نووسراوه که ی دابی. له هه لپه رکیی ئازاد دا پیاو ده چیته لای ژن (یا به پیچه وانه) و ده پرسی: «ئیفتخارم پی ده ده ی له گه‌لم هه‌لپه‌ری؟!» به پیچه‌وانه‌ی ئیددیعای بازگر، ئه‌وه له هه‌لپه‌رکیی نوی و ئازاد دایه که ژن لانی که م مافی هه لبژاردنه که ی پی دراوه ته وه!

## سه‌رچوپی‌و ئازادی تاکه‌که‌س

یه کیک له و شتانه ی که من له رابیته له گه ل نه هاتنه وه ی هه لپه رکیی سوننه تی کوردی و ئازادی تاکه که س دا باسم کردبوو، سه رچوپی گیر بوو. من ووتوومه که «ته نیاکه سیک که تا راده یه ک له هه لپه رکیی سوننه تی کوردی دا ئازادی هه یه، سه رچوپی گیره ». بازگر ئه م قسه یه ی من ره د ده کاته وه و ده لی:

«...سه رچوپی گرتن ملکی هیچ که س نییه و هه موو که س ــ ته نانه ت کاکه ش له به ر ئه وه ی نه پیشی ــ ده توانی بچی و ئه و مقامه به ده ست بینی...».

ئایا ئه وه بوو به جوابی قسه که ی من؟! من ده لیم ته نیا سه رچوپی گیر تا راده یه ک وه کوو تاکه که س ئازادی هه یه، بازگر پیم ده لی توش ده توانی بچی مقامی سه رچوپی به ده ست بینی!! ئه گه ر هه موو به شداربووانی ریزی هه لپه رکی بیانه وی هاوکات ببن به سه رچوپی گیر، چ ده قه ومی؟! دیاره که شتی وا نه ده کری و نه ده‌بی و بازگر مه جبوور ده بی داوایان لی بکات پشوویان له سه رخو بی و له نوبه دا راوه ستن و به پیی ئه و قه رارداده ی که «نه نووسراوه به لام ئیمزایان کردووه»، خو بده نه ده س پیچی زولفی سه ماکه (ئه وه ش به خاتری بازگر چون خوشی له «مار» نایه)!

بازگر له دریژه ی باسه که ی دا ده لی:

«... له ریزی هه لپه رینی به کومه ل دا هیچ که س بیگانه نیه، ناکوکی و نیوان ناخوشی له بیر ده‌چنه وه و بنیاده مه کان ده ستی یه کتر ده گرن...»

چه ند دیر دوای ئه وه، بازگر وه سفی من سه باره ت به هه لپه رکیی نوی وه کوو وه سفیکی عیرفانی و رومانتیک نیو ده با. ئه و ئیددیعایه خاتری بازگر؛ به لام ئایا ئه وه ی بازگر خوی له وه سفی هه لپه رکیی سوننه تی کوردی دا باسی ده کا، له عیرفان و رومانتیزم واتر نیویکی دیکه‌ی هه‌یه؟! ئه‌گه‌ر موشکیله‌ی «بیگانه بوون» و «ناکوکی» وا به ئاسانی چاره سه ر ده کری، بو بازگر له ئاگر تی به رده رانی مال و حالی خه لک له کوردستانی عیراق ــ واته جه لالی یه کان و بارزانیه کان ــ ده عوه ت به ده وریک هه لپه رکیی سوننه تی ناکا تا جه ماوه ری کریکار و زه‌حمه تکیشی کوردستان لانی که م له ده ست ئاگری شه ری مال ویرانکه ری ئه م دوو لایه نه هه ناسه یه کی راحه ت هه لکیشن! تو بلیی نه کری خه لکی ئه‌فغانستانیش به ده‌وریک هه‌لپه‌رکیی به کومه‌لی کوردی، له شه‌ری ناوخویی مردووه کانی تازه له گور هه ستاوی چاخه کانی ناوه راستی میژوو، رزگاریان بیت؟! هه لبه ت له وانه یه ناکوکی چینایه تی به هوی قوول بوونی، به هه لپه رکی چاره‌ی نه‌کری؛ به‌لام خو ئه‌گه‌ر ته‌نیا بتوانی ناکوکی قه‌ومی و خیله‌کی، له تاریکه سه‌لاتی شه‌ره قه‌ومی و خیله کی یه کانی دنیای ئه مرو دا، چاره بکا، دیسانیش خزمه تیکی زور گه وره یه و بو ئه وه ده بی تاجی زیر بخه نه سه ر هه لپه رکی یه ک که ئه وه نده شورشگیر و ئاشتی خولقینه ر بی!

بازگر به تقدیس کردنی هه لپه رکیی سوننه تی کوردی، ئیعجازی وا به هه لپه رکیی کوردی یه وه ده نووسینی، که ئه گه ر ئینسان بیت و خوا نه‌خواسته قسه‌یه‌کی له سه‌ر بکا، خوی به گوناهبار بزانی! بازگر ئه وه له بیر خوی ده باته وه که ئه و که سانه ی که ناکوکی و دوژمنایه تیان له گه ل یه ک هه بی، ناچنه ده ستی یه که وه؛ مه گه ر ئه وه ی که له پیشه وه بریاریان دابی ئاشتی بکه ن. مه سه له که به و ئاسانی یه یه!!

## هه‌لپه‌رکیی کوردی چی‌یه؟!

بازگر له سه‌ره‌تای نووسراوه‌که‌ی‌دا وا ده‌نوینی که خوی نه له هه‌لپه‌رکیی به کومه‌ل و نه له هه‌لپه‌رکیی نوی (تاکه که سی، ئازاد، دیسکو) به بیگانه نازانی و هه ر دووکیان بو ئه و وه کوو یه ک بایه‌خیان هه یه. بازگر یا له خوی ده‌گوری یا له خوینه‌ر؛ چون سه‌رتاسه‌ری نووسراوه‌که‌ی ئیددیعانامه‌یه‌که دژی هه لپه رکیی نوی. ته نانه ت ئه گه ر به میکروسکوبیش به نووسراوه که ی بازگر دا بینه وه، یه ک ووشه ش که به قازانجی هه لپه رکیی نوی بی، نابیننه وه!

هه لپه رکیی کوردی چی یه؟ ئه گه ر له ناسیونالیستیک که ئینسانه کان به پیی شوینی له دایک بوونیان ده ناسینی و موری میللی و نه ته وایه تی ده کوتیته نیو چاویان، ئه م پرسیاره ی بکه ی، فه وری قامک له سه ر هه لپه رکیی به کومه ل و سوننه تی که ئیستا له کوردستان باوه، داده نی. ئیتر تو هه ر چی بلی که خو ئه م هه لپه رکی یه له لای یوونانی، تورک، عه‌ره‌ب، فارس و ئافریقاییش به ریتمی که‌میک جیاوازه‌وه هه‌یه و هه‌ر به‌و ده‌لیله ده‌کری نیوی غه‌یری کوردیشی لی بنیی، ناچیته گوی یه وه. ناسیونالیسم میلله ت داده تاشی، ناسنامه و پیناسی تایبه تی بو ده خولقینی و له خه‌لکی‌تر جیای ده کاته‌وه. هه‌ر بویه‌ش هه‌لپه‌رکی‌یه‌کی تایبه‌تی (که به گشتی کون و سوننه تی یه) ده کا به هی خوی. به لام ئه و راستیه که هه لپه رکیی سوننه تی یونانی و ئافریقایی و ئامریکایی زیاتر له یه ک ده چن تا جیاواز بن، ئه‌وه نیشان‌ده‌دا که میژووی ژیان و تکاملی ئینسان سه‌ره‌رای شوینی ژیان، زور له یه ک نزیک بووه و ئه و سنووره جوغرافیایی و فه رهه نگی یانه که بورژوازی به سه ر کومه لی ئینسانی دا سه پاندوونی، موعته به ر نین!

له و له حزه دا که ئینسانیکی کوردزمان، توانی بچیته مه یدان و به هه وای هه لپه رکیی نوی، هه لپه رکیی تاکه که سی، «تانگو»، «بووگ»، «تویست»، «لامبادا»، «ره یو»، «دیسکو» و هه ر جوره هه لپه رکی یه کی نوی‌ی تر بره قسی، ده کری هه ر وه کوو هه لپه رکیی سوننه تی و باو له کوردستان، پیی بووتری «کوردی»! من هه ر وه کوو چون کامپیوته ر و کاره با به ئامریکایی نازانم، فروکه و ده زگای چاپ به ئالمانی نازانم، به لکوو به ده سکه وتی کومه لگای ئینسانی ده زانم و به و په ری خوشحالی و ره زایه ته وه، سواری فروکه که ده بم؛ کاره باکه هه لده که م؛ ده زگای چاپی ئوفسیته که ده خه مه گه ر و نووسراوه که می پی چاپ ده که م؛ کامپیوته ره که هه ل ده که م و له سه ر خه تی «ئینترنیت» ده س به پیاسه ده که م، هه ر به م جوره ش سه مای «لامبادا» ده که م و لانی که م به قه رای هه لپه رکیی سوننه تی، به هه لپه رکیی «کوردیشی» ده زانم و له ززه تی لی ده به م؛ بی ئه وه ی داوای ناسنامه یان لی بکه م!!

## مه‌زهه‌ب و هه‌لپه‌رکی

بازگر له‌وه‌ی که من له رابیته له گه‌ل په‌ره نه‌گرتنی هه‌لپه‌رکیی نوی دا قامکم خستوه‌ته سه‌ر مه‌زهه‌ب و ناسیونالیسم، تووره بووه و ده لی:

«... ناسیونالیسم و مه‌زهه‌ب قه‌باله‌یه‌کی ئه‌وه‌نده ره‌شیان هه‌یه و به جوریک نیوزراو و دژ به ئینسانن که ئه گه ر هه‌لپه‌رین له کوردستان فشار خوین و روماتیسم بگری، ده‌کری به حیسابی ئه‌و دوو درنجه یان بنووسی بی ئه وه ی که س ئوخژنی بیتی...»

باشه، ئیستا جیگه ی خویه تی له بازگر بپرسی که هه لپه رکیی کوردی فشاری خوینی هه یه یا نا؟! من نه باسی فشاری

خوینم کردبوو، نه روماتیسم  و نه ئیدیعای دوکتور بوون و مه لای شاره زای ئاوایی! من ووت بووم که هه لپه رکی و موسیقای کوردی له قور چه قیوه! له قور چه قین فه رقی زوره له گه ل روماتیسم و فشاری خوین. بازگر ووشه ی «له قور چه قین» یشی به دل نه بووه و له نووسراوه که ی دا به لینی دا بوو که له سه ر ئه م «له قور چه قینه» ــ که به بروای من له خاله سه ره کی یه کانی باسه که ی من بوو ــ قسه بکا. به لام به داخه وه هه ر وه کوو چون بازگر له بیری چووه له سه ر باقی خاله سه ره کی یه کانی نووسراوه  قسه بکا، ئه وه شی له بیر چووه ته وه! بو ئه وه ی له خورا بازگر له سه ر ووشه یه ک، له خوم ناره حه ت نه که م، ده لیم که هه لپه رکی و موسیقای کوردی ساله ها یه له جیگای خوی راوه ستاوه و به ره و پیشه وه نه چووه! ئه م له جیگه ی خو چه قین و به ره و پیش نه چوونه ش، ده توانی زور هوی هه بن، که من پیم وایه مه زهه ب و ناسیونالیسم دوو هوی سه ره کی ئه و به ره و پیش  نه چوونه ن!

بازگر جواب به م پرسیاره ناداته وه، به لام له هه لویسته که ی را به گشتی وا ده رده که وی که ئه و پیی وانیه هه لپه رکیی و موسیقای کوردی موشکیله یه ک یان نه خوشیه کیان هه بی. جاری له سه ر ناسیونالیسم نادویم، به لام بازگر به ته وس و ته عنه ی «دوکتوری دروزن» و «روماتیسم و فشاری خوینی هه لپه رکی» دژی ئیددیعاکه ی من راده وه ستی. من پیم وایه ئه گه ر روژیک هه لپه رکی له کوردستان دوچاری «روماتیسم» ببی، دوکتوریک که بلقاسم نه بی، ده بی ویرووسی مه زهه ب و  ناسیونالیسمیش بو دیتنه وه ی هوی نه خوشی یه که له به رچاو بگری. مه زهه ب ته نیا باوه ر به خوا و پیغه مبه ر و به هه شت و جه هه ننه م نیه، به لکوو ئاسه واری له هه موو مه یدانه کانی ژیانی کومه لایه تی دا ده بنیری؛ هه ر وه کوو چون که ویرووس ده که ویته گیانی ئینسان، ته نیا به یه ک شوین رازی نابی به لکوو به ته واوی گیانی ئینسان دا خو بلاو ده کاته وه. مه زهه ب له زمان دا، له چونیه تی هه ستان و دانیشتن دا، له بارهینانی مندال دا، له ری و ره سمی ورد و درشت دا، له سیاسه ت دا، له سیکس دا... حوزووری هه یه و ته ئسیر داده نی. ده رجه ی ئه م حوزوور و ته ئسیره  په یوه ندی هه یه به هیز و ده سه لاتی مه زهه ب له و به ربه ره کانی یه دایمه ی که له به ینی چینه کانی کومه ل  دا له ئارا  دایه.

راسته که ئه مرو مه زهه ب له کوردستان مه جبووره له ئاست هه لپه رکیی سوننه تی دا بیده نگ بی. ئه م بیده نگی یه ش به مه عنای ئه وه نیه که زور حه ز به و هه لپه رکی یه ده کا به لکوو ته نیا به هوی پاشه کشه پی کرانیکی میژوویی یه که ئیتر گیرانه  دواوه ی زور زه حمه ته. به لام مه زهه ب له به رابه ر هه لپه رکیی نوی دا بی ده نگ نیه، به لکوو به ته واوی هیز و توانایه وه دژایه تی له گه ل ده کا! هو یه که شی زور روون و ساده یه: هه لپه رکیی نوی هه روا نایه ته مه یدان. ئه م هه لپه رکی یه،  وه ختیک سه ر هه لدا، مه جبووره له گه ل به شیکی زور له نورم و قه رارداده  کومه لایه تیه کان، به ره نگاری بکا. مه سه له ن ره قسی نوی له خوی دا ئازادی کچ له هه لبژاردنی یار، ئازادی له مال چوونه ده ر و ده س له مل کردنی کوری «بیگانه»، شه و و نیوه شه و گه رانه وه بو مال، به رابه ری مافی ژن و پیاو، ئازادی رابیته ی سیکسی به ر له زه ماوه ند کردن ــ بی مه ترسی به رده باران کران ــ کورت کردنی ده ستی باب و برا له سه ر کچی که به ته مه نی قانوونی گه یشتبی... هتد، دینیته ئاراوه. ئایا ئه مانه په یوه ندی یان به مه زهه به وه نیه؟! ئایا مه زهه ب بو به رگری کردن له م مافه کومه لایه تیانه، تا ئه و جیگایه ی بتوانی شیر و تیر ناکیشی؟! ته بیعی یه که ده یکا. مه زهه ب و ناسیونالیسم لیره  دا له یه ک سه نگه ر دان و به نیوی خه بات دژی فه رهه نگی «بیگانه»، دژی فه رهه نگی «روژئاوا»، خه باتی دژی «ئیمپریالیستی»، خه بات دژی بی ئابروویی، بی ناموسی و بی ئه خلاقی، به رانبه ر به گورانگاری فه رهه نگی و کومه لایه تی و سه رهه لدانی دیارده ی نوی و پیشره و راده وه ستن.

بازگر بو به رپه رچ دانه وه ی قسه کانی من له یه ک دوو جی ئیشاره به وه  ده کا که مه لای وولاتی هه لپه رکیی به کومه ل ــ واته کوردستان  ــ هه ر نا زانن ره قسی دیسکو چییه تا به ره نگاری بکه ن!  ته بیعه ته ن مه عنایه کی تری ئه و ئیددیعایه ئه وه یه که نه ته نیا مه لاکان به لکوو باقی خه لکی کوردستانیش نازانن هه لپه رکیی نوی چییه! چون ئه گه ر باقی خه لک بیانزانیبایه، مه لاکانیش ده یانزانی و ئه و کات ته بیعه ته ن ئه وان بیده نگ نه ده بوون! بازگر لیره دا یا زور توند

رویشتووه، یان بە راستی لە تە جرە بە ی شە خسی خویە وە ــ واتە بی تە جرە بە یی خویە وە ــ روانیویە تە مە سە لە کە. نە کوردستان تە نیا لە کویرە دی پیک هاتووە و نە مە لاکانی کوردستانیش هە موویان لە گویی گا دا خە وتوون. کوردستان شاری وەکوو سنە و کرماشانیشی هەیە و دانیشتوانی کوردستان لە شار و شاروچکەکانی خویان دا حە بە سی ئە بە د نە بوون. زور بە ر لە وە ی حکومە تی ئیسلام لە ئیران دا مە یدانداری بکا، خە لک هە م هات و چویان دە کرد بو دە رە وە ی کوردستان و هەم باقی دنیا لە ریگای تلەفیزیونەوە دەبوو بە میوانی دانیشتوانی کوردستان! هە لبە ت لە کوردستان رادیوش هەبوو و تا ئەو جیگایەی من خەبەرم هەیە، نەخوشی گویی هەمەگیر لە کوردستان پەکی خەلکی نەخستبوو!

ئە م بوچوونە ش زور لە بوچوونی «نیسبی بوونی فە رهە نگ» دە چی کە پیی وایە وولاتانی «جیهانی سیهە م» فە رهە نگی دواکە وتووانە ی تایبە ت بە خویان هە یە و هە ر ئە وە ش دە بیتە هوی ئە وە کە ئە و دیاردە فە رهە نگی و کومە لایە تیانە کە لە «وولاتانی روژئاوا» دا هە یە، ئیمکانی سە رهە لدان و گە شە کردنیان لە «جیهانی سیهە م» دا نە بی! کاتی کە زیاتر لە بیست سال لە وە پیش شریتی گورانیە کانی عومە ر دزە یی لە کوردستان بلاو بووە وە، جە ماوە ریکی زور لە خە لکی کوردستان (نە سلی جوانی ئە و سە ردە مە) دە رگای دلیان بو ئاوالە کرد. بو؟! گورانیە کانی عومە ر دزە یی بە ریتم و بە ئاهە نگ، ریگە ی خویان لە ریگە ی گورانی سوننە تی و باو لە کوردستان جیا کردبووە وە. ئیتر بە گورانیە کانی عومە ر دزە یی نە دە کرا دە ستی هە لپە رکیی سوننە تی کوردی بگری. ئە و گورانی و ئاهە نگانە، هە وای نە وعیکی تر لە شادی و لە رە قس بوون، واتە رە قسی نوی.

رەقسی نوی و دیسکوش زور زووتر لە گورانیەکانی عومەردزەیی بوون بە ئاشنای لاوانی کوردستان. دیارە کە ئە م هە لپە رکی یە بە هوی تایبە تمە ندیە فە رهە نگی و کومە لایە تیە کانی یە وە، تە نیا توانی لە لای ئە و بە شە لە دانیشتوانی کوردستان سە رهە لدا، کە لە باری فە رهە نگی یە وە لە چاو فە رهە نگی حاکم لە کوردستان دا، ئازادتر و ئاوالە تر بوون و لانی کە م «رە گی غیرە تیان» باریک تر لە رە گی مە لاکان و فە رهە نگی حاکم بوو! بازگر لە وانە یە لە گە ل ئە و بە شە لە دانیشتوانی کوردستان رابیتە ی نە بووبی و سە یر نیە ئە گە ر هە ستی بە م دیاردە نوی یە نە کردبی.

هە ر وە کوو لە پیشتر دا ووتم، دانیشتوانی کوردستان (باسە کە ی من زیاتر لە سە ر کوردستانی ئیرانە، بە لام بە هە مان نیسبە ت دە توانی لە سە ر بە شە کانی تری کوردستانیش بی) لە گە ل بە شە کانی تری وولات پە یوە ندیان هە بوو و هە یە. بە ر لە هاتنە سە ر کاری حکومە تی ئیسلام لە ئیران دا، رە قسی نوی راستیە کی حاشا هە لنە گر و نسیبە تە ن بە ربلاو بوو لە باقی ئیراندا. بەو مەعنایە رەقسی نوی لە کوردستان و بو دانیشتوانی کوردستانیش (بە مەلا و دوژمنانی مە لاکانە وە) شتیکی نە ناسراو و بیگانە نە بوو. بە لام وە ک هە م من و هە م بازگر دەزانین، ئە م هە لپە رکی نوی یە (و موسیقای نوی) نەیتوانی و نەیتوانیوە لە کوردستان سەقامگیر بی. دوو مانیعی سە رە کی لە م بارە وە بە بروای من، یە کیان مە زهە ب و ئە وی تریان ناسیونالیزم بووە کە لە نووسراوە کە ی من دا قامکی لە سە ر دانراوە.

راستی یە کی تر هە یە کە پیویستە باسی بکری. هە رگیز لە میژووی کوردستان دا، (لانی کە م بە شی ئیران و عیراق) بە ئە ندازە ی ئە م دە سالە ی رابردوو، دانیشتوانی کوردستان ــ بە هوی پە نابە ربوونی کە س و کاریان لە وولاتانی روژئاوا ــ لە نزیکە وە لە گە ل روژئاوا و نورم و فە رهە نگ و دیاردە کومە لایە تیە کانی رووبە روو نە بوون. تە نانە ت ئە گە ر ئیددیعای بازگر سە بارە ت بە نە ناسراوبوونی هە لپە رکیی نوی لە کوردستان (تا دە سال لە مە و پیش) قە بوول بکە ین؛ ئە م ئیددیعایە دوای هات و چووی سالانە ی هە زاران کە س لە دایک و باوک و کە س و کاری پە نابە ران بو ئوروپا و ئامریکا، ئیتر شتیکی بیگانە نیە. ئیتر ««ساتە لایت»، «پارابول» و «ویدیو» و «سی ــدی» و میژووی رابردووش خاتری بازگر. ئە گە ر بازگر ئیستا لە کوردستان، لە هە ر فیلمیکی ویدیو کە لە کوردستانە وە بو دە رە وە ی وولات دی، یان لە هە ر گە رە کیکی شارەکانی کوردستان سەماگەی هەلپەرکیی نوی نابینی، هوی سەرەکیەکەی دیکتاتوری مەزهەب و ویرووسی ناسیونالیسمە، کە هە لپە رکیی سوننە تی و بە کومە لی کوردی یان کردووە تە نورم و ناسنامە و هە ر لاقیک کە بە هە وای

نوی بیته سه ما ده یپه رینن!
بیجگه له هه مووی ئه وانه، جیگه ی خویه تی بلیم که باسه که ی من ته نیا رووی له دانیشتوانی کوردستان نیه. ئه م باسه به هه مان ئه ندازه په نابه رانی له کوردستان را هاتوو، ده گریته به ر. بازگر بوچی ئه وه نابینی و خوی لی لاده دا؟! ئه گه ر بازگر به‌و جوره‌ی که ئیددیعا ده‌کا هه‌لپه‌رکیی نوی و موسیقای نوی‌ش به هی خوی ده زانی، بو ته نانه ت یه ک ووشه‌ش له دیفاع له‌م دیارده نوی‌یه به زاری دا نایه ؟! بو فرمیسکیک بو بی ساحه‌ب بوون و «هه‌تیومانه‌وه»ی موسیقای نوی له کوردستان ناریژی؟! بو قسه له‌وه ناکا که چ شتیک بووه‌ته هوی ئه وه که له نیو گورانی بیژان و موسیقاکارانی کورد زمان، هه وای نوی، ریتمی نوی که له گه ل ئینسانی نویی کوتایی ئه م سه ده بیته وه، ده می درواوه؟! بو بازگر ووشه یه ک له بی لوتفی ریزی سه ماکارانی هه لپه رکیی سوننه تی له جه ژنه کان دا، سه باره ت به هه لپه رکیی نوی باس ناکا؟!

## جوانترین ره‌سمی وولات!

جاران که باس له جوانترین ره‌سمی کوردستان ده‌کرا، عاده‌ت بوو که باسی میوانداری خه‌لکی کورد بکری. بازگر ره سمیکی تری به م کولیکسیونه وه زیاد کردووه، ئه ویش هه لپه رکیی سوننه تی یه! ده بی هه لپه رکیی سوننه تی چ شتیکی تایبه‌تی هه‌بی که ده‌یکا به جوانترین ره‌سمی وولات؟! هه‌ر وه‌کوو پیشتر باسم کرد، ئه‌م «جوانترین ره‌سمه»، میژوویه‌کی تایبه‌تی هه‌یه؛ ره‌نگدانه‌وه‌ی هه‌ل و مه‌رجیکی تایبه‌تی له ژیانی کومه لگای ئینسانه له سه رده میکی تایبه تی دا؛ «ئیمتیاز» ده دا به به شیک له ئه ندامانی کومه ل و به شیکی تر له ئه ندامانی کومه ل بی «ئیمتیاز» ده کا! وه‌سفی «جوانترین» وه‌ختیک به کار ده‌برددری که شتیکی جوانتر و نوی‌تر له ئارا دا نه بی. کاتیک که له به رانبه ر هه‌لپه‌رکیی سوننه‌تی‌دا، به سه‌دان جور هه‌لپه‌رکیی نوی وجوودی هه‌یه، ئیددیعای «جوانترین» که میک له سه ری زیاده!
بازگر دوای به پیروزکردن و پیشکه ش کردنی میدالی جوانترین ره سمی وولات به هه لپه رکیی سوننه تی، خه نجه ریک ده خاته ده ستی من و ده یکاته هات و هاوار که «کاکه» جوانترین ره سمی وولات وه به ر خه نجه ر ده دات. من باکم له شکاندنی بوت نیه! به لام راستیه که ی ئه وه یه که من خه نجه رم له هه لپه رکیی به کومه ل هه لنه کیشاوه و به ته ماش نیم ئه و کاره بکه م! ته نیا کاریک که من کردوومه نیشاندانی ئه و راستیه بووه که هه لپه رکیی به کومه ل، هه لپه رکیی سه‌رده‌میکی تایبه‌تی له ژیانی ئینسانه و ئینسانی ئه‌مرو نه ده‌توانی و نه ده بی رازی بی که هه روا له رابردوودا بمینیته وه. ئه گه ر که سیک خه نجه ری له هه لپه رکیی سوننه تی راست کردبیته وه، نه ک من به لکوو به ره و پیش چوونی ره وره وه ی میژوویه.

## ئیشاره‌یه‌کی کورت به ناسیونالیسم

بازگر ده نووسی که من له ناسیونالیسم نه گه یشتووم و به توند و تیژی هه لده کاته سه ر ناسیونالیسته کانی حکومه تی هه ریم. به داخه وه بازگر لیره ش دا خالی نه پیکاوه! هه رچه ن نه مده ویست ده رگای باسیکی تر له گه ل بازگر بکه مه وه؛ به‌لام مه‌جبوورم ئیشاره‌یه‌ک به‌و به‌شه بکه‌م. «ناسیونالیسم» به‌و جوره‌ی بازگر باسی ده کا، به رنامه ی حیزبیکی سیاسی نیه به‌لکوو جوولانه‌وه‌یه‌کی کومه‌لایه‌تی‌یه که به شیوه‌ی جواروجور و له ژیر خالی جوراوجوردا خوی له به‌رنامه‌ی سیاسی و کرداری روژانه‌ی حیزبه‌کان‌دا نیشان‌ده‌دا. ناسیونالیسم وه‌ک جوولانه‌وه‌یه‌کی کومه‌لایه‌تی، جوولانه وه یه کی بورژوایی یه و له سه رده می سه رهه لدانی بورژوازی دا، به و ئه ندازه ی که دوژمنی سیستمی فئودالی بووه، پیشره‌و بووه! ناسیونالیسم (هه‌مدیسان وه‌کوو جوولانه‌وه‌یه‌کی کومه‌لایه‌تی) لانی که م له سه ره تای سه ده ی بیسته م

به ولاوه ، نه پیشره و بووه و نه شورشگیر؛ ئه ویش به هوی ئه وه ی که ئیتر نه ته نیا کیشه یه کی ئه وتوی له گه ل دیارده بوگه ن و گه نده له کانی پیش سه رمایه داری نیه، به لکوو له زیندوو کردنه وه ی ره وابیتی عه شیره یی و پاراستنی زور رواله تی کون و دژی ئینسانیش خو ناپاریزی. ئه وه ی که بازگر هیزه ناسیونالیسته کانی هه ریمی کوردستان، به شاهید ده گری بو به رپه رچ دانه وه ی قسه کانی من، له راستی دا له رووی بازگر خوی دا ده وه ستی!

بازگر ده لی که هیزه ناسیونالیسته کانی کوردستان نه ته نیا له رووی بورژوازی «بیگانه» دا ، رانه وه ستاوه ن، به لکو بوونه دارده ستی هیزه کانی داگیرکه ری کوردستان. ئه م قسه یه زیاتر له گله یی له ناسیونالیسته کان ده چی که بوچی سه ر به بورژوازی «بیگانه» ن! کیشه ی ناسیونالیسم له گه ل بورژوازی «بیگانه» له سه ر ده سه لاتی سیاسی و ئابوری یه. تا ئه و جیگه یه ی ده گه ریته وه سه ر بورژوازی به گشتی و حیزبه ناسیونالیسته کانیه وه، ئه م کیشه یه قه رار نه بووه شه ری مان و نه مان بی! هیزه ناسیونالیسته کانی کوردستانی عیراق کیشه یان له گه ل رژیمی به عس له سه ر به شداری له ده سه لاتی سیاسی ناوچه که دایه. بو ئه وان گه یشتن یا به شدار بوون له و ده سه لاته دا ئامانجی سه ره کی‌یه و زور ته بیعی یه که بو گه یشتن به و ئامانجه روو بکه نه ئیران، ئامریکا، سوریه، تورکیه، ئیسرائیل و به پیی ئه و به شه له ده سه لات که پیشکه شیان بکری ته نانه ت روو بکه نه وه جه للاده سه ره کیه که (مه سه له ن سه ددام) بو رامالینی هیزی «خومالی» ره قیب؛ هه ر وه کوو چون جه لالی و بارزانی‌یه کان جار به دوای جار کردوویانه!! ناکا بازگر له وه دا که جوولانه وه ی ناسیونالیستی له زاتی خوی دا «خوفروشه»، شکی بووبی که وه زعی ئه مروی بورژوازی و جوولانه وه ی ناسیونالیستی کورد ده خاته وه بیری من!

***

نووسراوه که ی بازگر زور شتی تیدایه که ئه گه ر بمهه وی له م نووسراوه دا جوابی بده مه وه، دوو هینده ی تر جیگا ده گری. وینه یه ک که بازگر سه باره ت به هه لپه رکیی نوی کیشاوه یه ته وه، وینه یه کی به رئاوه ژوو و ناسادقه. ئه وه ی که بازگر له رابیته له گه‌ل موسیقای نوی له روژئاوا دا باسی ده کا سه د هینده نادروست‌تر و دوواکه وتووانه تره. که سیک که له روانگه یه کی زانستی و میژوویی یه وه سه یری کومه لگا و دیارده کانی بکا، ده زانی که «جه زم» بوونی لاوان له کونسیرته کانی گورانی بیژانی «روژئاوا» دا، له خوی دا هیچ په یوه ندیه کی به باش یا خراپ بوونی هه لپه رکی و موسیقای نوی نیه. ئه م ئیشاره یه ته نیا به کاری ئه وه دی که موسیقا و هه لپه رکیی سوننه تی پی تقدیس بکری و خه لک له «دیو و درنجی» هه لپه رکی و موسیقای نوی بترسینی!!

***

# نازم حیکمەت

(١٩٠٢-١٩٦٣)

یوسف رە سولی

هونە ر و ئە دە ب بە شیکە لە فە رهە نگی ئینسان و ئامرازیکە بو دە ربرینی ویست و هە ست. هە ر چینیکی کومە لایە تی بو سە قامگیر کردنی دە سە لاتی خوی پیویستی بە هونە ر و ئە دە ب هە یە. بە لام ئایا دە کری هەر چە شنە جولانە وە یە کی ئە دە بی و هونە ری، ناوی ئە دە ب و هونە ری لی بنری و وە کوو تروسکە ی هیوا ، رزگاریدە ر و دەربری ویستی کومە لگای ئینسانی بیتە ئە ژمار؟ بیگومان نا. دە م و دە زگای بە ربلاوی پر و پاگە ندە ی بورژوازی، سامناک ترین و بی حورمە ت ترین کردە وە و پیلانە کانی بە ناوی هونە ر بە سە ر کومە لگای ئینسانی دا دە قە بلینی و بە تە واوی هیز و تواناشە وە خە ریکی لە ناو بردن و پاک کردنە وە ی شوینە واری ئە دە ب و هونە ری کریکاری و کوشت و بری هونە رمە ندان، شاعیران و نووسە رانی چینی بە ش مە ینە ت و کریکارە.

ئە م حەول و تەقەلایەی بورژوازی، شتیکی تازە نیە و لە گەل بورژوازی خوی لە دایک بووە. بورژوازی بە تەواوی هیزی یە وە خە ریکی رە د کردنە وە ی ئە دە ب و هونە ری ئینسانی زە حمە تکیش و کریکارە و گە ندە ل ترین شتی ئایینی و ئاسمانی بە ناوی هونە ر و ئە دە ب بە خە لک دە قە بلینی. بە لام ئایا قە ت ئە م پرسیارە کراوە کە بورژوازی و ئە دە ب و هونە رە کە ی تا چ رادە یە ک لە م هە لویستە و تە قە لا شومە یان دا سە رکە وتوون.

سە دە ی بیست و یە کە م نزیکە و بە ندیخانە کان پرن لە هونە رمە دان و ئە دیبان و هە لسوراوانی پیشرە و و کومونیست و تیکوشەرانی ریگای ئازادی ئینسان لە چەنگ چەوسانەوە و هەژاری. سەدەی بیست و یەکەم نزیکە و بازاری دە هول دانی مە رگی کومونیسم و نە مانی چینی کریکار و ئە دە بی کریکاری گە رمە. و ئە مە خوی نیشاندە ری مە ترسی بورژوازی یە لە چینی کریکار و ئە دە ب و هونە ر و هە لسوراوە کانی.

سە رە رای هە را و هوریای بورژوازی جیهانی، بزوتنە وە ی کریکاری و هونە ر و ئە دە بی کریکاری نە ک نە مردوون، بگرە لە گە شە یە کی بە رفراوانی دووبارە دان و تا ئە و روژە ی جیاوازی چینایە تی و بی حورمە تی بە ئینسان هە یە، تا دارا و نە دار هە بی، ئە دە ب و هونە ری کریکاریش هە ر دە بی و رە چە دە شکینی بو گە یشتن بە دونیایی ئازاد و ئینسانی.

میژوی ئەدەب و هونەری کریکاری لە هەمان حال دا کە پیشرەو و رەچەشکین و ئاشکراکەری چەوساندنەوەی بە ش مە ینە تان و چینی کریکار بوو، لە هە مان کات دا گە لی روداوی دل تە زین و ریگای ناهە مواری ئە زمون کردووە. گیران و کوژرانی نووسە ران و شاعیران و هو نە رمە ندانی خوشە ویستی بە ش مە ینە تان، یە کیک لە م کوستە گە و رانە یە کە ئە دە ب و هونە ری کریکاری ئە زموونی کردوە.

یەکیک لەو روداوانەی کە چینی کریکار و بەش مەینەتانی تورکیا و دونیا ئەزموونیان کرد، گیران و بی حورمە تی کران بە شاعیر و دراما نووسی کومونیست « نازم حیکمە ت» بوو. گیرانی نازم حیکمە ت و بە رە نگاری ئە و لە بە رابە ر دە سە لاتدارانی تورکیا دا، پشتیوانی خە لک، کریکاران و سازمان و ریکخراوە کانی دە رە وی ولات لە «نازم حیکمەت» بو ئازاد کردنی، ئەزمونیکی تال بوو بو بورژوازی و سەرکەوتنیک بو چینی کریکاری تورکیا لە م بە شە لە خە باتی دا.

نازم حیکمەت سالی ١٩٠٢ لە شاری «سالونیکی»، لە بنەمالەیەکی دارا لە دایک بوو و مەدرکی نیزامی لە «هیبلیادە» وەرگرت. هاوکات لە گەل تەواوکردنی خویندن لە سالی ١٩١٨ دا، هەوەلین بە رهە می ئە دە بی خوی کە بریتی بوو لە کومەلە شیعریک چاپ و بلاو کردەوە. سالی ١٩٢٠ ئیستانبولی بە جیهیشت و ریگای «مسکو»ی

گرتەبەر. لە مسکو خەریکی فیربوونی زمانی فەرانسی و خویندنی فیزیک و شیمی بوو و دوای چوارسال خویندن لە مسکو گە رایە وە بو تورکیا.

سەرەرای ئەوەی کە «حیکمەت» لە بنەمالەیەکی ئاریستوکراتدا چاوی بە دونیا پشکوت، بە لام زور زوو پشتی لە روانگەی کونی بنەمالە و عەشیرەکەی کرد؛ لییان راسا و رووی کردە کریکاران و خەلکی زحمە تکیش. رادیکالیزمی «نازم حیکمەت» قولتر، بە هیزتر و پر مەترسیتر لەوە بوو کە «ئاتاتورک» چاوپوشی لی بکا. هە ر بە م بونە وە ش چەندین جار کەوتە بەندیخانە. سالی ١٩٣٨ بە جورمی تەبلیغی کومونیسم لە ناو ئە رتە شی تورکیا دا، لە لایە ن دادگای نیزامییە وە بە ٣٨ سال زیندان مە حکوم کرا. پاش ماوە یە ک حوکمی زیندانە کە ی داشکا و بوو بە بیست و پینج سال و چوار مانگ و سەرەجەم ١٦ سال لە زینداندا بوو. کاتیک کە لە سالی ١٩٥١ دا لە بە ندیخانە ئازاد کرا، بەلینیدا کە تورکیا بە جیبیلی و قەت رووی تی نەکاتەوە. «نازم حیکمەت» روژی ٣ی مانگی ژولای ١٩٦٣ لە مسکو بو هە میشە چاوی ویک نان و دنیایە کی خە مبار کرد.

«نازم حیکمە ت» وە ک گە ورە ترین شاعیری تورکیا دیتە ئە ژمار. بە هوی وە رگیرانە وە ی شیعرە کانی بە چە ندین زمانی زیندووی دونیا و بە تایبە ت ئینگلیزی و فە رانسی زور زوو ناسرا و لە گشت دنیا نیوی کە وتە سە ر زمان و لە ردە ی «لورکا» و «پابلو نیرودا» نیوی بردرا. هە ر وە ک پابلو و لورکا، «حیکمە ت» یش لە سە ر ئە م راستی یە ساغ و سوور بوو کە تە نیا ریگای ئازادی چینی کریکار بە شە ریە ت بە گشتی تە نیا دامە زراندنی دونیایە کی ئازاد و سوسیالیستی یە.

**سە بارە ت بە درو و دە ستە کانی ئیوە**

دنیا
نە ک لە سە ر شاخی گا
بە لکو لە سە ر دە ستە کانی ئیوە یە کە راوە ستاوە.
ئینسانە کان، یارە کانم!
کاتی ئیوە برسیتانە و
گیانتان هاوار دە کا بو نان،
درو دە کە نە میشکتانە وە؛
بە ر لە وە ی
بو تاقە جاریک
سفرە یە کی رازاوە و گە ش
بە خوتانە وە ببینن
ئە م دنیایە بە جی دیلن!

***

# له گه‌ل ژیار (۱)

ریبوار

شیعری «له گه ل ژیار» که لیره دا پیشکه شتان ده کری، به دوای دیتنی ووت و ویژیک له گه ل ژیار که له ته لویزیونه وه بلاو کرایه‌وه، نووسراوه. «ژیار سینکاری» کوری ۱۸ ساله‌ی بنه‌ماله‌ی په‌نابه‌ری «سینکاری»یه که سالی ۹۰ له تورکیه‌وه هاتن بو سوید، به‌لام خویان وه‌کو کوردی عیراقی ناساندبوو و ئیجازه‌ی ئیقامه تیشیان وه رگرتبو. کاتیک دواتر ده رکه وت که کوردی تورکیه ن ئیجازه ی ئیقامه که یان له غو کرایه وه و سه ره‌رای ناره زایی گشتی له سوید و له شاری «ئوسه له»، که سینکاریه کان له وی ده ژیان، ده وله تی سوید پولیسی به ردایه گیانیان. پولیسی سوید، که به رانبه ر به هیرشی راسیسته‌کان هینده نه‌رم و نه‌جیبه، به سه‌گه‌کانیانه‌وه به‌ربوونه گیانی ژن و مندالی ئه‌و دوو ماله و ده ستیان به هه رکه سیان گه یشت کیشیان کرد و بردیان. ده ستیان به هیچکام له دوو بابه که نه گه یشت، «ژیار» یش له ده ستیان هه لات و تا مانگی نوامبری ئه مسال که دووباره ئیجازه ی ئیقامه ی پی درایه وه، به نهینی ده ژیا.

ناره‌زایی سه‌باره‌ت به‌م رسوایی‌یه ئیستاش به‌رده‌وامه. له لایه‌که‌وه خه‌لکی تووره، داوای هینانه‌وه‌ی مناله‌کان و ژنه کان له تورکیه ده که ن و ریاکاری ده وله تی سوید مه حکووم ده که ن؛ له لایه که‌وه ده وله تی سوید، جاری خه ریکی ته می کردنی ئه و لاوانه یه که ئه و روژه تفیان له پولیس کرد و له به رانبه ریان راوه ستان!

ئه م شیعره هه ندیک له قسه کانی ژیاره که ئه و به سه رهاته ده گیریته وه.

**له گه ل ژیار**

په ژاره پیلوی چاوانی قورس کردبوو
قورسایی قسه ش لیی ببوه لیوه له ری
مه گه ر جارجار
دوو ووشه و چاو هه لبرینیک:
ـ هاتن...
... وه ک وه حش!
ـ ده ی، ده ی؛ دوایی؟
ـ ... وه حش و ده عبا چی یه؟... هاتن...
هه ر وه ک خویان...
وه کوو... سه گی پولیس هاتن
زار به جنیو:
" هه لی پیچن
ده یالله تورکه پیسه کان!"
ـ هه روا؟!
ـ هه روا... ئاگات له چی یه؟! واتریش!

... که دایکم دی ره نگ بزرکاو،

... هه موو دنیام له پیش چاوان هه لبزرکا...

... مردوو ئاسا... وه ک خوله میش!

... که خه لکه که م دی هه لگیرساو...

ئه م لا ره ش، ئه و لا سپی بوو...

له پیش چاوم...

ـ ... چووی... ده رباز بووی...!

ـ ... نه چووم ...

... راخوشام ...

خوم نه بووم ...

... وه ک چون ...

ته وژمی شه پولیک

بازدا به سه ر به له میک دا و

که سیک راکیشی به ره و خوار... (١)

ـ ئیستا خوت به چی ده زانی؟

ـ ... ببوره؛ چی؟

ـ چیت؟ مه به ستم ... که سایه تیت...؟

ـ .... من ... خو... نیم ... هه م؟

١ـ گارسیا لورکا.

***

# ئیلغابوونه وه

ریباز مه حمود

به نیازم له به ربه یانه غوربه تگرتووه کانی خومه وه
خه ریکی پاک کردنه وه ی
شوین پیلاوه ره ش و قوراوی یه کان بم
ئاخر ده میکه،
عیشقم به دیار خاموشی دلمه وه
بستی ریشی حوزنی هیشتوته وه.
ده میکه له وه رزی بی مروه تیدا
هه ر سه رابه و... مست به مست تینویتیم ده خواته وه.
ده میکه سه رنج ئه ده م
ئاخو مه ینه ت، که ی ده گاته
دوا دیری رومانی حه وسه له ی؟
له کاتیکا ته مه ن راکه راکیه تی و
ئه و دانیشتووه و به جیم ناهیلی..
ئاخر ده میکه
هه ر ساتیکم له سه ر ده کریته وه
کوریکی دوزه خی_گورانی به گورانیم لی ده سینی
له سه ر ئیقاعی نیله نیلی ئاگر
شعورم له ئاره قه یا ده رژیننه گویچکه ی فه نابوونه وه.
له گه رانه وه شدا ،
شه و بیین ده نی به ته رایی گیان و هه ر دوو چاومه وه.
ئاخر ده میکه
به بی ده نگیما ده رون و
له ته نیشت سه مای به دیئانه ی نانه وه
که مینه به ربه ری یه کان
میلی ته مه لی خویانم لی ده هیننه وه و
سکم پرده که ن له ده سریژه حه سره تی برسیتی.

ده میکه ده زانم
ده رگای هه موو ساته کان
بون هالاوی ژه نگ  و.... وه یشومه ی نامویی و
بیابانه خه ته رناکه کان وا له و دیویه وه.
هه ر بویه ش ئه وه تا،
له جیاتی ئه وه ی هه ر وابیمه وه و
شه و بین بنی به ته رایی گیان و هه ر دوو چاومه وه
که ژوره که م یه ک چوارچیوه ی داخراوی ئازاره و
من هه میشه  تیایدا له وحه ی برینیکی ئالم.
له ئاپورای ره شی په نگ خواردووما
چه پکی ته لیسمی تووره بوون
خوی کردوته ناونیشان و
ئیستا چرایه کی دره خشانه
به ده ستی یاخی بوونمه وه..
به ره و ئه وی ی...
عیشق پر به ژیان بتریقیته وه
له نیو چیمه نی ره هابوونی،
ئه و دیو ئیلغا بوونه وه ی ده رگاکان

***

# مه‌زادی خوین

محه مه د كه ساس

چیتان پی بلیم.. هاوری یان
جگه له وه ی
گه رووی ره شی بورژوازی
له م كه ونه دا
به ئاره قه ی ره نجی ئیمه
به پارووی ده م
منالانی ره ش ورووت و پیخاوسی
چینی ئیمه ده ئاخنری؛
جگه له وه ی پیتان بلیم
كوشكی زه ردی
قات له سه ر قاتی سه رمایه
وه كو ره نگی ده م وچاویان
له په راسووی ئیسكی من و
كاسه ی سه ری هاوریكه م و
ئه م مروقه هه لچنراوه..
وورگی زل و
دوواهه مین ته نزی ماشین و
قاسه ی به دولار سیخناخ و
لووتی به رزی له ئاسمانی حه وته مینیان
به مه زادی خوینی گه شی من و تویه
راوه ستاوه...!!
ئه ی هاوریكه م

***

# جوكەر

محه مه د كه ساس

ئه مروكه  شه هيديک پی ی ووتم :

سبه ينی... سه حه ری

وه ره سه ر گوره كه م

تازه ترين دوو ووينه ی

هه ر دوو كورپه كه م... بيرنه كه ی

بزانم له سايه ی ره نگه كان

بزر بوون يا وه خود گه وره بوون...؟

يان بوونه خوراكی ئه ژديهای برسيه تی

يان بوونه قوربانی ئه نجامی راپه رين..

ساتی شه ر.. ساتی تر پيكه نين

ساتيكيش ده ست گوشين..!!

***

# کولووچە

جە وهیل ۱۸۷۹_۱۹۱۵

ریبوار کردوویە بە کوردی

مە لای ریش دریژ_ ریش دریژ

شە و بی، روژ بی

لە کونە کانیان دینە دە ر و

شە ویلگە یان ماندوو دە کە ن

لە باسی حە لال و حە رام؛

گوایە چاک و خراپت لی روون کە نە وە!

بە لام کاتیک پرسیار ئە کە ی:

«ئە ی چی بخوم؟»

بە زمانی لووس

"برام"، "برام"

شیر و ریویت بو دیننە وە:

"_هە میشە و دایم خواردنی خوشت دە بی

لە بە هە شتی شکوداری ئاسمانە کان .

هە لفرە، بە رە و ئاسمان!

ئیستا کارکە و

عیبادە ت کە؛

لە نیو خاک و خول دا بژی

کاتیک هە لفریت بو ئاسمان

نان و کولووچە ت پی دە دە ن.»

باوە ر ناکە ی؟

***

# له زمانی هاو زمانیکه‌وه

حه مه  عه لی حه سه ن

ئه م كراسه باوی نه ما
نه ره نگه كه ی
نه شیوازی دورینه كه ی،
نه ئه وه شی له به ریا بوو... نه به رهه م هین.

ئه و قسانه هه مووی پووچن
كه له وه رزی هه لوه رینی به ری ره نجا
بو هاوخوینی ی كلكی ته ور و
قه دی شوره بی یه ك، ئه كرین.

یاخود گه مژه ن... یا خوپه رست
ئه و ده مانه ی
بو ته بایی مه ل و قه فه س،
كه له پچه و ده ست،
درك  و خوشه ویستی، ئه دوین.

چنگی سوور و
ده ستی منیكی ره نجه رو..
هیوایه كی گه رم و ناسك، ره نگی ئاسو..
له گه ل یاسای مانه وه دا، زام و درو..
چه ته و نیچیری جه نگه لستانی ئه مرو..
چونی ئه كری
له گه ل یه ك دا ده ست له مل نین..؟؟

بویه ئه لیم
ئه و قسانه هه مووی پووچن

که له وه رزی هه لوه رینی به ری ره نجا
بو هاوخوینی ی کلکی ته ور و
قه دی شوره بی یه ک، ئه کرین.

***

## دوا ناونیشان

ئاسو

بو ئەو تفەنگانەی:
لە بیدەنگیاندا، گورانیەکانی باوکمیان کوشت
لە دەنگ هەلبرینیاندا
ناونیشانیکی تریان پیدا.

باوکم؛
خشت بری هه موو کووره کانی شار بوو.
ریی قلیاسان،
زیخ و چه وی که ناری چه م
ته نانه ت، له شکری میشووله کانی «ئالیشه» ش
ده یناسن.
باوکم، له ناو پیاوه کانی شاردا بی ناوه
گه رچی له مه له فه کانی
دائیره ی نفوس دا، ناوی هه یه.
به لام شوینی په نجه کانی
به دیکوری تاقه کان و
په نجه ره ی چه ندین مالانی شاره وه یه،
ئه و مالانه ی باوکم ناونیشانی پی به خشین.
ـ « چاوه ریتم؛ له نزیکی ئه و ماله دا
که دیکوری تارمه که یان، خشتی سووره.»
ئه و مالانه ی تیایدا باوکم کریچی بوو،
بی باخچه بوون.
له کاتیک دا،
ئه و به بی گول و ریحانه
نه ی ده کرد ساتیک هه ل بکا.
ئه یزانی، گه ر ئاوینه ده ستی تیشکی هه تاو نه گری و

نه یگه ینیته کونجی ژوور؛
ئه و خوره تاوه ناچاره تا ئیواره
له و دیو دیواری حه وشه وه چاوه روان بی.
بویه ش شه وان به ر له نووستن
نه کا دیوار، له نه بوونی سه وزایی دا
سپیایی چاوانیان دابی
به گورانی تاقگه یه ک و
ده شتیکی پر له گولاله و
په لکه ره نگینه ی به هاری، ده هینایه ناو کونجی مال.
باوکم چه ندین ناوی هه یه.
به قه د ناوی ئه و کارانه ی سه رده مانیک
هاوریی ئه وبوون
ئه گه ر کاری تازه تریش، له شاردا خوی بناسینی
ئه و کات مالمان، ناونیشانیکی تازه تر،
دیسان بوخوی هه ل ده بژیری.
به لام نا، وا دوا کاری ئه و
بووه ناوی دووه می و
ئه دره سی نوییی باوکم:
پیره میرده گوله به روژه فروشه که ی نزیک گاوران.
ئه م پیره میرده، له ماله یه ک هوده که یا
خه ونی ورد و
خه ونی گه وره تر له خه ونی ژووره تاقانه که ی هه یه.
خه ونیک؛ سنووری ده رگای حه وشه ده به زینی و
له سه ر شوسته که ی به ر ده رگا
یه ک یه کی کولان و
شه قامی گه ره کیش ده بینی و
دوا تر شار و زور جیگای تر...
ئه و خه ونانه زور دوور نه بوون.
ته نهاش نه بوون.
به لام ده ستریژ

تا ن و پوی خه ونه کانی ده ئالوزکاند.
درزی په نجه ره کانی زیاتر ده کرد.
«ئایه ته ل کورسی»ش ده هات و
به رماله که ی پی راده خست.
ـ روله، خوا به جوانی خوتان له گه ل کات.
ـ روله، خاوه نی چه که کانتان کویر بی.
به لام خوا، له زمانی ئایه ته کانی جوانی نه ده گه یی.
بویه ش باوکم؛
له ته عزیه کان دا بی ده نگ داده نیشت.
بی ده نگ ده گریا.
له هه مووی سه یرتر، دیواره کان له به ر نه بوونی هه تاو و
سه فه ر کردنی گورانیه کانی باوکم
زه ردتر ده بوون.

***

چه ند وه خته، به دوا ئه دره سی ئه ودا
هه ر نامه ده نووسم.
رسته کان، به ته نها، دوا داوام هه ل ده گرن.
ـ بابه گیان، یه ک گورانیم بو رزگارکه.
ئه زانم روژیک دیت
گورانی و
هه نگاوی و
ژووره که ی، ده بنه هه والیکی کورتی
قسه ی ژنانی به ر ده رگا و
پیاوانی به ر دوکان،
نامه شم دیته وه بی ئاواز.

***

ئیستا ماله که ی،
ناونیشانی که سیکی که ی گرتوته خو.
سندووقی بوراقه که ی، ده ستیکی تر.
دوا نامه شی، ناونیشانیکی تازه تر:

«ــ ئه گه ر كاغه زت بو ناردم، به م ئه دره سه ره وانه ی كه:

شاری سنه

خیابانی فرح

به ده ستی؛ پیره میرده چاپچیه كه.

به لام خه یالی گورانی، له سه ر ده ركه.»

***

# له هیچ شوێنی نامینمه‌وه

گوننار کییه ری

وه رگیران له سویدی یه وه: شنه عبدالله

«له هیچ شوێنی نامینمه‌وه»، ته‌واوکه‌ری سه‌ربه‌خۆی رۆمانی (تۆ نابی به هیچ)ه. پاڵه‌وانی رۆمانه‌که «لاش»یه‌کێک له کرێکارانی داربڕینی «تۆرنیدالن»ه کاتی که خه‌ڵک به ژماره‌ی بێ شمار له ساڵانی ۴۰ و ۵۰ کان، به شوێن کاردا کۆچیان ده‌کرد. نووسه‌ر «گوننار کییه‌ری» باسی ئه‌وه ده‌کات که‌چی روو ده‌دات کاتی مرۆڤ له ریشه هه‌ڵده‌که‌ندرێ و له شوێنێکی تازه، به جه‌وێکی جیاواز و زمانێکی جیاواز، جێ‌نشین ده‌کرێ.

له شه وێکی یه ک شه ممه ی زستانیکی کۆتایی بیسته کان دا، له کاتی سه ما کردن دا چاویان به یه کتر که وت و عاشقی یه کتری بوون. ئه و کاته باوکم له یه کیک له دارستانه کانی نزیک دیبه که ی ئه وانه وه کاری ده کرد.

هه ر به دوای ئه‌وه دا زه ماوه ندیان کرد و دوو منداڵیان یه ک به دوای یه ک دا بوو. ئه و ژووره ی که تیایدا ده ژیاین هی ماڵی باپیره م بوو، که ته نها یه ک په نجه ره ی تیادا بوو ئه ویش رووی له ژوورو بوو. له رۆژه سارده کانی زستان دا به رده وام دارمان ئه سووتاند. تینی گه رمای ئاگره که هه وای ساردی ژووره که ی به ره و دیواره کان راده ماڵی، به لام تووانای نه بوو زه وی یه که که وه ک سه هۆڵ سارد بوو، گه رم بکات.

مناڵه کانیش ئه بوایه شوێنێکیان هه بێ بۆ ئه وه ی که خۆیان فێری گاگۆڵکێ و رۆیشتن بکه ن، چونکه نه ده کرا به رده وام له پشت ته ختی خه وه که دا بیانهێڵیته وه. له به ر ئه وه دایکم چه ند بیجامه یه کی به سه ر یه ک دا له به ر ئه کردن و هه وڵی ئه دا که له سه ر فه رشه که ی ناوه راستی ژووره که دا بیانهێڵیته وه.

هه رچه نده به هۆی ئه وه وه کاری جل و به رگ شتنی دایکم زۆر ده بوو، به تایبه ت پانتۆڵی منداڵه کان، به لام دایکم گوێیی پێ نه ده دا؛ چوونکه نه ی ده ویست وه ک له ناو زۆرێک له خێزانه منداڵ داره کان دا باو بوو منداڵه کان به بێ پانتۆڵ به ره ڵا بکاته سه ر زه وی یه سارد و سره که. هه ڵبه ته زۆرێک له و دایکانه ناچار بوون وا بکه ن. له زستان دا بیره کان ووشک ده بوون و ئه مانیش ناچار بوون که له مه نجه ڵی گه وره ی ناو حه وشه که دا به فر بتووێننه وه یان له جۆگه یان له رووباره که، ته نانه ت بۆ مانگاکانیش، ئاو بهێنن.

پیاوەکان بە هەفتە و بە مانگ لە دارستانەکان دا خەریکی داربرین بوون؛ و زور جار بە دریژایی زستان زیاتر لە یە ک دوو جار نە دە گە رانە وە مال.

تە واوی ئە رکی مال لە سە ر شانی ئافرە تە کان بوو؛ هە ر لە دار برینە وە تا ئاگرکردنە وە، کاروباری ناو مال، ئاژە ل بە خیوکردن و زور شتی تر، بە شیوە یە ک کە فریای هە موو ئە م کارانە نە دە کەوتن. هە ر لە بە ر ئەوە بوو کە منداڵەکانیان بەگیانی لە سەرمادا سوور هەڵگەراو، لە سەر ئەو زەوی یە سە هولینە یاریان دە کرد.

لە مالە کان دا زور ئاسایی بوو کە پیاوە کان، تە نانە ت ئە وانە ش کە بو سە ردان دە هاتن، تە نباکوکە ی snus ژیر لیویان فری دەدایە سەر زەوی یەکە و دوایی منداڵەکان بە ناو ئەو پەڵە قاوەی یانەدا دە خولانە وە و یاریان دە کرد.

تەنها هەواکیشی ژوورەکە، دووکەڵکیشی زوپاکە بوو. کیشمەکیشمی نیوان هەوای سارد و گەرمی ناومال، دە بوو بە هوی دروست کردنی شی. هە وای ساردی پە نگ خواردووی سە ر دیوارە کانی ژوورە کە، کە رووی دە کرد. هە ر یە کە م زستان، کراسی بووکینی بە بزمارە وە هە لواسراوی دایکم لە ژوورە کە دا کە رووی هە لهینابوو.

پاش ئەوەی کەدوو زستانمان بەسەر برد، لەو ماڵە گوواستمانەوە بو خانوویەکی تازە. خانوە تازە کە چیشتخانە یە کی گە وە رە ی هە بوو بە تە ندوور و زوپای دارە وە. خانوە کە دوو ژووری دانیشتنی بوو کە هەر یەکەی کوورەیەکی ئاگری تیدا بوو. یەکیک لە ژوورەکان ژووری نووستنی دایک و باوک بوو. ژوورە کە ی تریان هە روا بە تال بوو. کوورە کە ی ئە م ژوورە زور جوان تر بوو و تە نها کاتی میوان دە هات گە رم دە کرا.

ماوەیەکی زوری خایاند تا بەرهەیوانەکە دروستکرا. دەرگای چیشتخانەکە بەرەو حەوشەکە دەکرایەوە، بەلام لەگەل ئەوەشدا عەرز و ئاسمان جیاوازیان بوو لە گەل ئەو ژوورەدا کە پیشتر تیایدا بووین.

پاش ماو یە کی کورت بوون لە تە ویلە کە یان دا دوو مانگایان هە بوو و داری زستانیش تا بن میچی مال هەلچنرا.

زوربە ی کات دایکم بە تە نها بوو لە گە ل مندالە کان دا. لە داری سووتاندن بە ولاوە، هە موو کاری ناو مال هی ئە و بوو؛ لە ژیر کە پرە کە دا هە میشە داری ووشک و براو ئامادە بوو. باوکم لە م کارە دا زور بە دیقە ت بوو و قە ت پە کمان نە دە کە وت.

باوکم ئەندامی حیزبی کومونیستی کریکاری بوو. هەروەها لە سەردەمی دامەزرانی «یەکیەتی کریکارانی داربر و باربەر»دا بوو بە ئەندامی یەکیەتی یەکە. ئەو هەروەها لە دامەزراندنی ریکخراوە ی وە رزشی کریکاران لە سالی **١٩٣٣** دا دە ستی بوو. سالی **١٩٣٥** کە «بینای گشتی خە لک» Folkets hus دروست کرا، باوکیشم هەر وەکو زوریک لە هاوریکانی تری بە بی پارە لە درووست

کردنی بیناکه دا به شداری کرد.
باوکم زور جار بی کار ئه مایه وه، هه لبه ت نه به و مانایه که هیچ کاری نه بی. باوکم هیچ کات بی ئیش نه بوو؛ به لام مه به ستم کاریکه که ده رامه تی لی وه ده ست بکه ویت. له ماله وه هه میشه کاریک هه بوو بیکات هه ر له دار هینان له دارستانه وه بگره تا چاک کردنه وه و گه وره تر کردنی خانووکه، کوکردنه وه ی عه له ف بو ئاژه له کان، و رشتنی په یین له سه ر زه وی و زاره که کان.
ساله کان تی ئه په رین و تا دایکم تا راده یه ک له ژیانی رازی بوو. به لام جار جاریش گله یی ده کرد له وه ی که باوکم هه میشه خه ریکی کوبوونه وه ی کریکاری یه. ته نانه ت زوربه ی ئه و شه وانه ش که به هوی بیکاری یه وه، له ماله وه بوو هه ر خه ریکی کوبوونه وه بوو و که متر ده که وته ماله وه.

ورده ورده منداله کان ده ستیان کرد به خویندن.
ماوه یه ک بوو که کابرایه کی ده م هه راش، به ریشیکی سه یره وه له ئه لمانیا دا په یدا ببوو. بینای په رله مان له به رلین گری گرت. روژنامه ی کریکاری «تیشکی ئاگری شیمال» ده رباره ی زیندانی کران و سه رنگووم کرانی کریکارانی ده نووسی له و سه رده مه دا. موته که ی هه ره شه و ترس ورده ورده بالی به سه ر خه لک دا ده کیشا.
دوو که س له هه ره ده وله مه نده کانی ئاوایی که له به ریوه به رانی بزووتنه وه ی ئایینیLaestadian ـ بزووتنه وه یه کی مه سیحی ـ بوون، سمیلیکی وه ک «هیتلر» یان هیشتبووه وه. یه کیک له پیاوه گه نجه کانی گومرگیش ده ستی کرد به له به ر کردنی پانتول و جووتیک جزمه وه کوو فاشیسته کان. کاتی نازیسته کان کوبوونه وه یان ده بو، ده چوو له پشت سه ری سه روکی نازیسته کان **Furugård**ه وه ده وه ستا.
له و به ری رووباری ئاواییه که، له به شی «فینله ند» که س نه ی ئه ویرا باسی کومونیسم بکات. فاشیسته کانی «لاپو» هه ر که سیک که باسی سیاسه تی بکردایه به ر فیشه کیان ده دا و ده یان کووشت. کاتیک که کابرایه کی پولیس به ناوی «کیمپانن» یان کوشت، هیچ که س شکی له وه نه بوو که له سه ر مه سه له ی سیاسی بووه. «کیمپانن» وه ک که سیکی کومونیست نه ناسرابوو به لام بیر و باوه ری رادیکالی هه بوو. ته نانه ت خه لک ده یانزانی که ئه م کاره به ده ستی سه روکی فاشیسته کانی «لاپو» کراوه.
لاشه ی «کیمپانن» له پشت چیای «ئاواساکسا» دوزرایه وه که له ژیر پوش و په لاش دا شاردرابوه وه. سه ره رای ئه وه ش که «کیمپانن» له پشتی مله وه ته قه ی لی رابوو، له دادگادا هه ولیان دا وای پیشان بده ن که خوی کووشتووه. سه روکی فاشیسته کانی «لاپو» وه ک تاوانبار له داداگا بوو به لام دادگا به بی تاوانی ده رکرد و ئازاد کرا. یه کیک له دوکانداره کانی ئاوایی که ئاماده ی دادگاکه بوو، به چه نده ها جوولانه وه ی ئه کروباتیکی هه ولی ده دا پیشانی بدات که چون ئینسان ده توانیت خوی له پشتی مله وه بکوژی.
هه لبه ت ئه وه ته نها فینله ندی یه کان نه بوون که له راوکردنی کومونیسته کاندا چالاک بوون.

ئه فسه ریکی ئیحتیاتی سویدی هه بوو که فاشیسته کانی «لاپو»ی ده گه یانده ئه م به ری رووباره که بو به شی سووید بو «پیللو». شه ویکیان فاشیسته کانی «لاپو» ده چن بو ئه وبه ری ئاوه که و کابرایه کی پینه چی له ماله که ی ئه هیننه ده ره وه و ده یکوژن.
پاشان شه ری ناوخویی له ئیسپانیا ده ستی پی کرد. دوو لاوی گه نجی ئاوایی، خویان ناو نووس کرد که بچن بو ئه وی بو شه ر دژی فاشیسته کان. به لام سه فه ر بو ئیسپانیا بو پشتیوانی کردن له شورش، قه ده غه بوو. دام و ده زگای سویدی هه ره شه ی سزادانیان ده کرد له وانه ی که برویشتنایه و به شداری شورشه که یان بکردایه. له به ر ئه وه ده بووایه سه فه ره که یان به نهینی بووایه. ته نها باوه رپیکراوه کان ده یانزانی که کی سه فه ر ده کات. تا ئه و کاته ی که خه لک له ده رچوونی ئه م دوو لاوه له سوید به ته واوی دلنیا نه بوون، که س به ئاشکرا باسی نه کردن.
یه کیک له وان بو ماوه ی سی سال وه ک ئه فسه ر له شاری «بودن» ئیپشی کردبوو. له وی ورده ورده ئاشنای سیاسه ت ده بی و کاتیک که سه فه ری کرد قه ناعه تی به بیرو باوه ری کومونیستی هه بوو. له به ر ئه وه ی که شه هاده یه کی به رزی له سه‌ربازی‌دا هه بوو، هه ر که گه یشته ئیسپانیا، وه ک ئه فسه ر له ریزی شورش دا دامه زرا و هه رگیز نه گه رایه وه. سه رئه نجام له جه وله یه ک له و دیوی جه بهه ی فاشیسته کان دا شه هید ده بی.
ئه وی تریان توانی به زیندوویی بگه ریته وه. تووشی نه خوشی تیفووس هاتبوو و هه موو قژی ره ش و پری رووتابوه وه به لام پاش ماوه یه ک قژی هاته وه. زور شتی سامناکی له شه ر ده گیرایه وه؛ به لام کاتی باسی ئه وه ی ده کرد که ده ست و پا ی له ت و په ت کراو به ته لی ته له فونه کانه وه هه لواسرابوون زور که س باوه ری پی نه ده کرد.

<u>په راویز:</u>

**Snus**: جوریک توتنه که ده خریته ژیرلیوی سه ره وه و پاش ماوه یه ک فری ده دری.

**Folketshus** : بینایه که که جیگه ی چالاکی ئه ده بی و فه رهه نگی و کولتوری کریکارانه.

ئه م چه ند لاپه ره یه، له به شی هه شته می رومانی «له هیچ شوینی نامینمه وه» له زمانی سویدی یه وه ته رجه مه کراوه ته وه. نیو و نیشانی رومانه که به سویدی::

**"Jag ska ändå inte stanna" / Gunnar Kieri / Arbetarkultur1978 /**

❊❊❊

# کاریکاتیر

(هونه رمه ندی ئه م ژماره یه )

ـ سالی ١٩٦٣ له سلیمانی له دایک بووه.

ـ له ئه نستیتوی  ته کنیک له به غدا ده رسی خویندووه.

ـ به شداری کردووه له یه که م پیشانگای کاریکاتیری "مه لبه ندی هونه ر و ئه ده بی کریکاری"  سالی ١٩٩٤ له شاره کانی سلیمانی، قه لادزه .

ـ سالی ١٩٩٥ به شداری دووهه م پیشانگای "مه لبه ند"ی کردووه له شاره کانی سلیمانی، هه ولیر، دیانه، کوی، سنجاق و قه لادزه.

ـ به شداری له سیهه مین پیشانگای کاریکاتیری "مه لبه ند" له سالی ١٩٩٦ دا.

هه روه ها به شداری کردووه له زور چالاکی هونه ری تر له سلیمانی.

***

# «ئەدەبیاتی کریکاری سوید لە روانگەیەکی نیونەتەوەیی»

کاکە

لە روژەکانی ۹_٦ی مانگی ئاگوستی ئەمسال کوریک لە ژیر ناوی «ئەدەبیاتی کریکاری سوید لە روانگەیەکی نیونەتەوەیی»، لە شاری «هیدەمورا»ی سوید، ساز کرا. بەریوەبەری کورەکە، «کومەلەی لایەنگیرانی _ مارتین کوک _» بوو. «مارتین کوک» نووسەری سوسیالیستی سویدی لە بەینی سالەکانی ۱۹۴۰_۱۸۸۴ ژیاوە و لە ریزی ئە و نووسەرە سویدیانە یە کە وەک نووسەری کریکاری ناویان دە بری. لە لایەن «هانا» وە دوو کەس لە هاورییان بە شداری ئە م کورە بوون.

ئە دە بیاتی کریکاری لە هیچ وولاتیکی تری دنیا دا بە ئە ندازە ی سوید پە رە ی نە گرت. گەشە ی سە رمایە داری لە سوید لە کوتایی سە دە ی نوزدە دا، لە هە مان کات دا بی بە شی و هە ژاری بی وینە ی جە ماوەریکی بە رینی کریکاری بە دواوە بوو. جوولانە وە ی کریکاری زور زوو ریزە کانی چینی کریکاری داگرت و هە نگاو بە هە نگاو چینی بورژوای مە جبوور بە پاشەکشە کرد. جوولانەوەی بەرینی کریکارانی سوید تەنیا جوولانەوەیەکی ئابووری نەبوو بەلکوو لە هەموو مەیدانەکانی ژیانی کومەلایەتی ، ئابووری، ئەدەبی و فەرهەنگیدا خوی نواند. پیکهینانی «ناوەندی فیرگەی کریکاران» **Arbetarnas bildningsförbund** (ناسراو بەABF) ، «بنکەی گشتی» **Folketshus** و زور ناوەندی وە رزشی و هونە ری و ئە دە بی، نموونە یە ک لە و مە یدانانە ن کە کریکارانی سوید بە و پە ری لە خورادیوی یە وە چالاکیان تیدا نواند. لە م شە رایتە دا بوو کە نووسە رانی کریکاری نە ک بە تاق، بە لکوو بە دە یان و سە دان سە ریان هە لدا.

بەهیزبوونی جوولانەوەی کریکاری، پتەوبوونی ئاستی بەرزی ریکخراوبوونی کریکاران، بە دە سە لات گە یشتنی حیزبی سوسیال‌دیموکرات لە ناوەراستی سالانی بیستی ئەم سەدەیە و کارتیکردنی شورشی ئوکتوبە ر بە سە ر جوولانە وە ی کریکاری لە سوید، هە موو بە یە کە وە، هە ل و مە رجیکی وایان رە خساند کە لە و دا ئە دە بیاتی کریکاری گە شە بکات و کاریک بکات کە کومە لگا بە گشتی ریزی لی بگری و وجوودی بە رە سمیە ت بناسی.

یەکیک لەو پرسیارە سەرەکییانەی کە لە کورەکە دا خرایە بەردەم، ئەوە بوو کە «ئایا ئیتر ئە مرو لە کوتایی سە دە ی بیست دا شتیک بە نیوی ئە دە بیاتی کریکاری مە وزووعیە تی هە یە؟». بە م پرسیارە جوابی جوراوجور درایە وە. هە ندیک پییان وابوو کە ئیتر ئە دە بیاتی کریکاری مانای نە ماوە بە هوی ئە وە ی کە چینی کریکار وە کوو رابردوو نە ماوە و زور چین و تویژی تری کومە لایە تی ئە مرو هاتوونە کایە وە کە لە وە پیشتر نە بوون.

هە ندیکیش رایان ئە وە بوو کە مادام نیزامی سە رمایە داری هە بی، کریکار دە بی و چە وسانە وە ش دە بی؛ تا کریکاریش هە بی، ئە دە بیات و هونە ری کریکاریش وجوودی دە بی.

باسیکی تری کورە کە لە سە ر ماهیە ت و ناوە روکی ئە دە بیاتی کریکاری بوو. بە پیی بوچوونی باو، ئە دە بیاتی کریکاری، ئە دە بیاتیکە کە کریکار بی نووسی، بو کریکار بی و سە بارە ت بە کریکار بیت.

بەپیی ئەم بوچوونە ئەدەبیاتی کریکاری زیاتر دەبیتە، تەوسیفی ژیان و گوزە رانی کریکاران، بە لام لایە نە کانی تری ژیانی کومەلایەتی کە کریکاران تییدا بەشدارن و لە سەری قسەیان هەیە، لە بە رچاو ناگری. شتیکی تر کە ئە م بوچوونە جوابیکی تە واوی بو نیە بریتی یە لە و ئە دە بیاتە ی کە لە راستی دا کریکاری یە، بە لام نووسە رە کە ی خوی کریکار نیە، یان ئە و ئە دە بیاتە ی کە نووسە رە کە ی کریکارە بە لام لە باری ئایدیولوژی یە وە دژی کریکار و بە رژە وە ندیە کانیە تی.

بە شیکی تری کورە کە، چە ند راپورتیک بوو لە سە ر میژوو و چونیە تی ئە دە بیاتی کریکاری لە ئالمان، بریتانیا ، وولاتانی

سپانیولی زمان، ئافریقا و روسیه.

بو ئاگاداری خوینـه رانی به ریز له باسه کانی ئه م کوره، له ژماره کانی داهاتووی هانا دا هه ندیک له م باسانه ئه که ینه وه و چه ن دانه له راپورته کان ته رجه مه ده که ین.

***